# کۆمەڵگەی کوردی لە کوردستانی ئێران، لەدیدی ئەفسەری فەرەنسی گاسپار درۆڤێل لەماوەی ساڵانی (١٨١٢ – ١٨١٣)

د. دلزار صالح صادق
بەشی مێژوو- کۆلیژی ئاداب- زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر هەرێمی کوردستان/ عیراق

**پوختە**

کوردســـتان وەک نشـــتیمانی کوردان و کورد وەک یەکێک لەپێکهاتە نەتەوەیی و ئیتنییە ســـەرەکییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت، بەدرێژایی مێژوو هەمیشـــە جێگەی ســـەرنج و بایەخی گەڕیدەو وڵاتناســـە بیانییەکان بووە، چونکە زۆربەی ئەو گەڕیدەو وڵاتناســـانەی کە بەمەبەســـتی جیاوازی وەک (ســـیاســـی، ئابووری، ســـەربازی، هەواڵگری، ئایینی، زانستی)، سەردانی ناوچەکانی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانیان کردووە، لەنزیکەوە چاویان بە کوردەکانیش کەوتووە، وەکو نەتەوەیەکی جیاوازی خـاوەن داب و نەریـت و زمـانی جیـاواز لەپێکهـاتەی ســـەرەکی ئەو دوو وڵاتە، ئەم جیاوازییەشیان لەدوای لێکۆڵینەوە لەنەتەوەکانی ناوچەکە بۆ دەرکەوتووە، کەوا کورد نەتەوەیەکە تایبەتمەندی تایبەت بەخۆی هەبووەو لەزۆر ڕووەوە لەفارسەکان و عەرەبەکان و تورکەکان جیاواز بوونە، ئەوان دوای ئاشـــنابوونیان بەو نەتەوانەی باســـکران، بەڕوونی هەستیان بەجیاوازییەکانی نێوان کوردو ئەو نەتەوانە کردووە، لەڕووی نەتەوەیی و شێوازی ژیان و زمان و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی خێزانی بیروباوەڕی ئایینیشەوە. بۆیە کاتێک لەیادداشـــت و بیرەوەرییەکانی خۆیاندا تۆماریان کردووەو دوای گەڕانەوەیان بۆ وڵاتەکانی خۆیان لەژێر ناوی (گەشتنامە – سەفەرنامە)دا، یادداشت و بیرەوەرییەکانی خۆیان لەکوردســـتان و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کورددا لەدوتوێی کتێبەکانیاندا بڵاوکردۆتەوە.

ئەو توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر لایەنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی، لەدیدی ئەفسەرێکی فەرەنسی بەناوی گاسپار درۆڤێل (Gaspard Drouville)، کە لەساڵی ١٨١٢ بەیاوەری شـانـدێکی سـەربازی وڵاتی فەرەنسـا، سـەردانی وڵاتی ئێرانی کردووەو تا

سالی ١٨١٣ لەو وڵاتەدا ماوەتەوە. ئەو ماوەیەی کە ناوبراو لەئێران بووە، وەک ئەفسەر مەشق و ڕاهێنانی بەسوپای ئێرانی کردووە کە ئەوکات لەجەنگ دابوون لەگەڵ وڵاتی ڕوسیا.

سەرباری ئەوەی کە گاسپار درۆڤیل لەو ماوەیەدا هەوڵیداوە لەنزیکەوە لێکۆڵینەوە لەسەر داب و نەریتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی ئێرانی بەگشتی بکات، بەڵام لەبەرئەوەی کە بەشێک لەخاکی کوردستان و نەتەوەی کورد، لەدوای جەنگی چاڵدێران (١٥١٤) کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی وڵاتی ئێران، بۆیە ناوبراو لە لێکۆڵینەوەکەیدا زیاتر باسی لە کوردەکانی ناو سنووری دەوڵەتی ئێران و ناوچەی ئازەربایجان بەتایبەتی کردووە. چونکە ناوبراو لەماوەی مانەوەی لەئێراندا زیاتر لەناوچەکانی باکووری ئێران و ئازەربایجان بووە.گومانی تێدانییە، کە درۆڤیل لەکتێبە وەرگێڕدراوەکەیدا بۆ سەر زمانی فارسی، بەناوی (سفر در ایران/ گەشت بۆ ئێران) زۆر لایەنی گرنگ و شاراوەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی لەدەیەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم باسکردووە، کە لە سەرچاوەکانی تردا باس نەکراوە، بەمەش دەکرێ لەڕێگەی ئەو توێژینەوەیە، زۆر لایەنی کۆمەڵگەی کوردی بەدیاربخرێت.

لەو توێژینەوەیەدا هەوڵدەدرێت باس لەکۆمەڵگەی کوردی لەلایەنە جیاوازەکانی وەک شێوازی ژیان و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و خۆراک و پۆشاک و پەیوەندی خێزانی و ژیانی کۆچەری و نیمچە کۆچەری و زمان و شێوازەکانی کات بەسەربردن لەنێو کۆمەڵگەی کوردی و هەندێک لەمیرنشینە کوردییەکان و پەیوەندییان لەگەڵ هەریەک لەهەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی و پێکهاتەی سەربازی کوردەکان و چۆنیەتی بەشداریکردنیان لەشەڕەکان و پەیوەندی ژن و ژنخوازی کۆمەڵگەی کوردی لەکوردستانی ئێران و سنووری جوگرافیای کوردستان لە دەیەی یەکەمی سەدەی نۆزدە لەدوتوێی چەند تەوەرێکدا بە بەراوردکردن لەگەڵ چەند سەرچاوەیەکی تری تایبەت بەکورد کە بەر لە درۆڤیل و دوای گەشتەکەی درۆڤیل سەردانی کوردستانیان کردووە، بەدیاربخات.

**پەیڤێن سەرەکی:** *کورد، کوردستان، کۆمەڵگەی کوردی، گاسپار درۆڤیل، داب و نەریت.*

---

**پێشەکی:**

کۆمەڵگەی کوردی لەدیدی گەڕیدەو وڵاتناسە بیانییەکان هەمیشە جێگەی بایەخ و هەڵوەستە لەسەرکردن بووە، لەناویاندا بەشێک لەوانەی بەکوردستاندا تێپەڕیون

به وردی تیشـــکیان خســـتۆتە ســـەر لایەنە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردی و دوای گەڕانەوەیان بۆ وڵاتەکانی خۆیان یادداشـــت و بیرەوەرییەکانی لەبارەی کورد لەدووتوێی کتێبەکانیاندا خستۆتەڕوو، ئەگەرچی بەشێک لەزانیارییەکان دووبارەن، بەڵام گومانی تێدانییە بەشێکی زۆری زانیارییەکان لەبارەی داب و نەریت و شێوازی ژیان و جل و بەرگ و پۆشـاک و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و خۆراک و توانای سـەربازی و شـێوازی شـەڕکردنی کوردەکان و کەرستەی جەنگییان و پەیوەندییان لەگەڵ هەریەک لەدەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی و لەگەڵ یەکتری زانیـاری نوێ و پڕ بـایەخن. ئەو کتێبەی لەم توێژینەوەیەدا سوودی لێبینراوە وەرگێڕدراوی گەشتنامەکەی (گاسپار درۆڤێل)ـە، بۆ سەر زمانی فارسی بەناوی (سـفر در ایران/ گەشـت بۆ ئێران)، لەڕاسـتیدا درۆڤێل ئەو ماوەیەی کە لەئێران ماوەتەوە سـەرباری ئەوەی لەچەند شـوێنێکدا لەچوارچێوەی کتێبەکەیدا باسـی وکردو کوردستانی کردووە، هاوکات بەشێکیشی تەرخانکردووە بۆ باسی کورد، کە بریتییە لەبەشی (٣٨)ی ئەم کتێبە.

ئامانجی سەرەکی ئەو توێژینەوەیە ئەوەیە کە بارودۆخی کۆمەڵگەی کووردی لەســـەرەتای ســـەدەی نۆزدەهەم لەڕوانگەی ئەفســـەرێکی بیانی بخرێتەڕوو، هەروەها توێژینەوەکە لەو گریمانەیەش دەکۆڵێتەوە کە ئایا ئەو ڕەوشـــی کورد و کوردســـتان لەژێر سایەی حکومەتی ئێران لەسەرەتای سەدەی نۆزدە لەچ بارودۆخێکدابووە.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە، گومانی تێدانییە کە ناتوانرێ نکۆڵی لەوە بکرێ کە بەر لەهاتن و دوای هاتنی درۆڤێل بۆ کوردسـتان چەندین گەڕیدەو وڵاتناسـی تر بەو خاکە تێپەڕیون و باســـی و کوردو کوردســـتانیان کردووە، بەڵام گرنگی ئەو ماوەیە ئەوەیە کە توێژینـەوەی لەبـارەوە نەکراوە لەڕوانگەی ئەفســـەران و نێردەو گەڕیـدە بیانییەکانەوە، بۆیە ئەو ماوەیە پێویستی بەوەیە بەسـەرچاوەی ڕەسـەن هەموو لایەنەکانی ڕوونبکرێتەوەو شرۆڤە بکرێ.

لەم توێژینەوەیەدا لەچوارچێوەی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژووییدا، هەردوو شێوازی پێکهاتەیی (ترکیبی) وشـــیکاری (تحلیلي) پەیڕەوکراوە، چونکە بۆ وێناکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردی لەماوەی ســاڵانی (١٨١٢ - ١٨١٣)، پێویســـت بەوە دەکات زانیارییە مێژووییـەکـان کۆبکرێنـەوەو لێکبـدرێن. تـا خـەملان وپێکهـاتنی ئـەو مـاوەیـە ڕوونبکرێتەوە. دواتریش لەڕێگەی شـرۆڤەکردن و شـیکارییەوە گێڕانەوەکانی درۆڤێل دەوڵەمەند بکرێت.

ئەو توێژینەوەیە لە چوار تەوەری سەرەکی پێکدێت، تەوەری یەکەم باس لەژیانی درۆڤێل و هۆکاری هاتنی بۆ ئێرانەدەکات. هەروەها تەوەری دووەمیش باس لە جوگرافیای کوردستان و بنەچەی کورد و زمانی کوردی و بیروباوەڕی ئایینی کوردەکان دەکات. تەوەری سێیەمیش باس لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کورد دەکات، کە تیایدا تیشک خراوەتە سەر لایەنەکانی پێکهاتەی چینایەتی و خورەوشتی کۆمەڵایەتی و ئافرەتی کوردو لایەنی ڕۆشنبیری و خۆراک و پۆشاکی کوردەواری دەکات. تەوەری چوارەم تیشکی خستۆتە سەلایەنی پەیوەندییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و توانای سەربازی کوردەکان و هۆزە کوردییەکان.

بۆ ئەنجامدانی ئەو توێژینەوەیە پشت بیرەوەرییەکانی (درۆڤێل) بەستراوە، بەڵام لەهەمانکاتدا بۆ دەوڵەمەندکردنی زانیارییەکان سوود لەسەرچاوەی جۆراجۆری بیرەوەری گەڕیدەو گەشتیارە بیانییەکان بەستراوە، کە بەر لەدرۆڤیل و دوای درۆڤێل سەردانی کوردستانیان کردووە، سەرباری ئەوەی سوود لەهەندێک سەرچاوەی تر بەستراوە بۆ دەوڵەمەندکردنی باسەکە بەزمانەکانی (کوردی و حەرەبی و فارسی و ئینگلیزی)، بایندر. هانری. (١٣٧هـش)، سفرنامه هنری بایندر کردستان و بین النهرین، ت: کرامت الله افسر، انتشارات فرهنگسرا، تهران. (بن تان. اگوست. (بیتا)، سفرنامه اگوست بن تان) یەکێک لەو سەفەرنامانەیە کە سوودی لێوەرگیراوە، چونکە ناوبراو ئەفسەرێکی فەڕەنسی بەچەند ساڵێک بەر لەهاتنی درۆڤێل سەردانی ئێرانی کردبوو، تیایدا تیشکی خستۆتە سەر زۆرلایەنی کۆمەڵگەی ئێرانی بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی کردووە، بەمەش سوودی بە بەدیارخستن و پشتڕاستکردنەوەی هەندێک لەزانیارییەکانی ناو ئەو توێژینەوەیە کردووە. (دلا واله. (١٣٧هـش)، سفرنامه پیترو دلا واله) ئەمەش یەکێکی دیکە لەو سەرچاوانەیە کە سوودی بەدەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکە گەیاندووە.

١. ژیانی گاسپار درۆڤێل (١٧٨٣ – ١٨٥٩): لەڕاستیدا زانیاری لەبارەی ژیانی گاسپار درۆڤێل لەسەرچاوەکاندا زۆر کەمە، بەڵکو زۆربەی ئەو سەرچاوە ئێرانیانەی ناوی ئەو کەسایەتییەیان هێناوە، یتەناە ئاماژەیان بەوەداوە ناوبراو ئەفسەرێکی فەڕەنسی بووەو لەماوەی ساڵانی (١٨١٢ – ١٨١٣) لەئێران ژیاوە. تەنانەت درۆڤێل بەخۆشی لەبیرەوەرییەکانیدا ئاماژەی بەبنەچەو ژیانی تایبەتی خۆی و شێوازی پێگەیشتنی نەداوە، بەڵکو تەنها ئەوەندە زانراوە کە ناوبراو ئەفسەرێکی فەڕەنسی بووە، لەساڵی ١٨١٢ لەڕیگەی ئەستەنبۆڵەوە سەردانی ئێرانی کردووەو بۆ ماوەی ساڵێک لەوێ ماوەتەوە، ئەو ماوەیەی کە لەئێران بووە، سەرقاڵی مەشق و ڕاهێنان کردن بووە بەسوپای ئێران (اکبرزاده، دی و بهمن ١٣٨٤هـش، ٦١ - ٦٢). شایانی باسە دەکرێت

بڵێین کە هاتنی درۆڤێل بۆ ئێران، دەگەڕێتەوە بۆ دوای هەوڵە دیپلۆماسییەکانی فەڕەنسا لەسەردەمی (ناپلیۆن پۆناپارت)، کە لە ساڵی ١٨٠٥دا شاندێکی سیاسی و سەربازی دەنێرێتە ئێران، بەمەبەستی دروستکردنی پەیوەندی سیاسی لەگەڵ ئەو وڵاتەداو دروستکردنی بەربەست لەبەردەم بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لەهیندستان، بۆ ئەو مەبەستەش لەو ماوەیەدا چەندجارێک شاندی سیاسی و سەربازی ناردووە بۆ ئێران (نفیسی، ١٣٨٣هـ.ش، ١٢٠ - ١٢٣).

٢. زێدی ڕەسەن و بنەچەی کوردەکان:

٢. ١. زێدی ڕەسەنی کوردان: درۆڤێل زانیارییەکانی لەبارەی زێدی ڕەسەنی کوردان، ئاماژەی بەوەداوە کە کوردەکان لەدوای سەرکەوتنی عەرەبەکان [سوپاسی ئیسلام] بەسەر فارسەکان [سوپای ساسانی]، بەرەو باکوور کۆچیان کردووەو بەدرێژایی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس تا گەیشتۆتە ڕووباری (مورئاب/ مۆراو) کە ئەوان لە ئەرمەنستانی تورکیا [عوسمانی] جیا دەکاتەوە نیشتەجێ بوون (درووبل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣١٥ - ٣١٦). لەڕاستیدا ئەو زانیارییەی درۆڤێل زانیاری لاوازو بێ بنەمان، چونکە بەپێی دەقی نوسینە بەجێماوەکان سەدان ساڵ بەر لەزایین کورد لە ناوچەکانی ڕۆژئاواو باشووری ڕۆژئاوای دەریاچەی وان نیشتەجێ بوونەو زنجیرە چیاکانی زاگرۆس زێدی ڕەسەنی کوردەکان بووە (احمد و فوزي، ١٩٩٠، ٣٩ – ٤١).

٢. ٢. بنەچەی کوردەکان: درۆڤێل لەبارەی بنەچەی کورد، باس لەوە دەکات، کە بنەچەی کوردەکان هاوشێوەی بنەچەی فارسەکان تا سەردەمی کۆرش (٥٦٠ – ٥٢٩پ.ز) نادیارە، هەربۆیە ڕیشەو نەژادی کورد بەتەواوی نەزانراوە، ئەگەرچی ناتوانرێ بە بەڵگە پشت ڕاست بکرێتەوە، بەڵام ئەو پێی کوردەکان دەگەڕێنەوە بۆ (سکتی[1])یەکان (درووبل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣١٥). پاشان هەربەخۆی دەڵێت:"بەپێی ئەو شارەزاییەی لەداب و نەریت و شێوازی ژیان و جل و بەرگ و ئاخاوتنی کوردەکان بەدەستم هێنا، دەتوانم بڵێم کوردەکان ڕەگێکی عەرەبییان هەیە، چونکە هێشتا هەندێک تایبەتمەندی لەنێوان ئەوان و عەرەبە بیابان نشینەکان هەیە، منی خستۆتە گومان کەوا کوردەکان لەپاشماوەی هەندێک لەهۆزە عەرەبە بیابان نشینەکان بن" (درووبل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣١٥ - ٣١٦). لەڕاستیدا زانیارییەکانی درۆڤێل لەبارەی بنەچەی کورد، زانیاری سادەوساکارو سەرەتایین، چونکە ناوبراو پشتی بەهیچ جۆرە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی و زانستی نەبەستووە، بەڵکو تەنها بە بۆچوون و مەزندەی خۆی بنەچەیەکی بۆ کورد داتاشیوە، چونکە کوردەکان نەتەوەیەکی سەربەخۆن

لەڕووی ڕەگەزییەوە، سەر بەهیچ یەکێک لەنەتەوەکانی (عەرەب، فارس، تورک) نین (العزاوي، ج٢، ١٩٤٧، ٢٠). بەڵکو کوردەکان لەبنەڕەتدا یەکێکن لەنەتەوە هیندۆ ئەوروپییەکان و نیشتەجێی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس بوونەو خاوەنی زمان و داب و نەریتی تایبەت بەخۆیانن و بەنەوەی (میدی)یەکان دادەنرێن کە لەنێوان (٧٠٠ – ٥٥٩پ.ز) فەرمانڕەوایی ناوچەیەکی بەرفراوانی کوردستان و ئێرانیان کردووە. (مینۆرسکی، ٢٠٠٦، ٢٤ – ٢٥).

٢. ٣. زمانی کوردەکان: لەبارەی زمانەوە، گاسپارد درۆڤێل باس لەوە دەکات، کەوا لەوڵاتی ئێران تەنها زمانەکانی (فارسی، تورکی، عەرەبی) زمانی باون، بەجۆرێک زمانی فارسی زمانی نووسین و وێژە (ادب)ە، زمانی تورکی زمانی سوپایەو زۆربەی خەڵک بەکاری دەهێنن، هەرچی زمانی عەرەبییە تەنها بۆ کاروباری ئایینی بەکاردێت (درووپل، ١٣٦٥ش، ٢٠٩). لەڕاستیدا ئەو بۆچوونەی درۆڤێل ناکرێت بەشێوەیەکی ڕەها وەربگیرێت، چونکە لەو کاتەی ناوبراو لەئێران بوو، کوردیش یەکێک لەپێکهاتە سەرەکییەکانی ئەو وڵاتە بەگشتی و ناوچەی ئازەربایجان بەتایبەتی بوو، بۆیە نکۆڵی ناکرێ کە لەو کاتدا ئەو سێ زمانە زمانی باو بوون، بەڵام کوردەکان وەکو نەتەوە زمانی خۆیان پاراستبوو، لەناوچە کوردییەکانیش بەزمانی کوردی ئاخاوتنیان دەکرد. بۆ نمونە: گەڕیدەی ئیتاڵی [پێترۆ دێ لاڤالێ] کە لەساڵی ١٦١٨ سەردانی وڵاتی ئێرانی کردبوو، کاتێک لەگەشتەکەیدا گەیشتبووە ناوچەی کرماشان باس لەوە دەکات کە میوانی خێزانی فەرمانڕەوای هەرێمەکە بوون، ناوی (خانم سوڵتان) بوو، ئەو تەنها زمانی کوردی دەزانی و لەڕێگەی برایەکییەوە بۆیانی وەردەگێڕایە سەر زمانی فارسی ((دلاواله، ١٣٧٠هـ.ش، ١٢). ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەگەرچی هەندێک لەکوردەکان ناچاربوونە زمانی نەتەوەکانی هاوسێیان بەکاربێنن لەژیانی ڕۆژانەیاندا، بەڵام لەهەمان کاتدا زمان و داب و نەریت و کەلتوری نەتەوەیی خۆشیان پاراستبوو.

٢. ٤. بیروباوەڕی ئایینی کوردەکان: لەبارەی بیروباوەڕی ئایینی کوردەوە، لەڕاستیدا درۆڤێل، زانیارییەکی ئەوتۆی نەخستۆتەڕوو، تەنها باسی لەوە کردووە، کەوا کوردەکان بەگشتی سوننە مەزهەبن و ڕۆژانە چوار بۆ پێنج جار نوێژ دەکەن (درووپل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣١٨). بەمەش دەردەکەوێت کەوا درۆڤێل شارەزایی لەبارەی بیروباوەڕی ئایینی کورد نەبووە، چونکە کوردەکان جگە لەوەی زۆرینەیان سوننە مەزهەبن هاوکات ئایین و ئایینزای تری وەک (شیعە، ئێزدی، شەبەک، کاکەیی)

هەن، بەڵام کەباســـیانی نەکردووە، دیارە بەهۆی ئەوەی ناوبراو تەنها لەناوچەی ئازەربایجان بووە، بۆیە ئەوانەی بەچاوی خۆی نەبینیوە.

٣. پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کوردەکان:

٣. ١. لەڕووی چینـایەتییەوە: درۆڤێـل لەڕووی چینـایەتییەوە بـاس لەوەدەکـات کە کوردەکانیش هاوشـێوەی فارسـەکان، بەسـەر دوو چین دابەش ببوون و سـەروەت و سـامانی کوردەکان بەسـتـرابۆوە بە زۆری ژمارەی ئەو مێگەل و گوندانەی کە هەیان بوو، هەروەها پێگەی کۆمەڵایەتی کوردەکان بەسـتـرابۆوە بەژمارەی ئەو پیاوانەی هەیان بوو، ئاغاکان بەگشـتی پیاوە بەتواناکان بۆ تاڵانکردن ڕەوان دەکەن، ئەوانیش دەسـکەوتەکان بەبێ دەسـکاریکردن ڕادەسـتی ئاغاکانیان دەکردو پاشان پشکی خۆیان وەردەگرت (درووپل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣١٧).

سـەبارەت بەشـێوازو پێکهاتەی ئەندازەیی خانووی کوردەکان، ئاماژە بەوە دەکـات، کە خـانووی گەورەکـانی کورد هەتـا بڵێی نـاڕێـک و خراپە، بەجۆرێـک لەسـەرتاسـەری کوردسـتان بێجگە لەکۆشـکی بەگەکان، خانوێکی مامناوەند نادۆزرێتەوە بە کەڵکی ژیان بێت، تەنانەت نرخی خانووی دەوڵەمەندترینیان لە نرخی خانووی گوندنشـینێکی ئێرانی هەرزانترە، خانووەکان زۆر ناڕێکن، سـەقفێکی نزمیان هەیەو کونێکی تێدایە، لە ڕێگەی ئەو کونەوە ڕووناکی وەردەگرن و لەشـەوانیشـدا بە بەردێکی پان کونەکە دەگرن (درووپل، ١٣٦٥هــــش، ٣١٧). لەڕاسـتیدا دەکرێت بڵێین نەبوونی خانووی ڕێک و پێک کە هاوسـەردەم لەناوچە کوردییەکان بەڵگەیە لەسـەر وێرانەیی کوردسـتان، کە هەمیشـە مەیدانی شەڕی نێوان زلهێزەکان بەگشـتی و هەردوو دەوڵەتی عوسـمـانی و ئێرانی بەتـایبەتی بووە، هەر ئەمەش وایکردووە، خەڵکی نـاوچە کوردییەکان نەتوانن خانووی جوان و هاوسـەردەمیانە دروست بکەن، لەکاتێکدا کە لەناوچەکانی تری ئێران بینراوەو هەبووە.

٣. ٢. لایەنی ڕۆشنبیری: درۆڤێل پێی وایە کە کوردەکان لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە کەسانی کەم زانیـارین، بۆیە زۆر حەز بە فێربوون دەکەن، بەڵام کەسـانی زۆر درۆزنن[٢] ، تەنانەت لە تورکەکان (عوسـمـانییەکـان)یش درۆزنترن، ئەوان نەک ئەم کارە سـەرزەنشت ناکەن، بەڵکو بەجۆرێک لەهونەریشی دادەنێن (درووپل، ١٣٦٥هــــش، ٣١٦).

٣. ٣. چیرۆک و کات بەسەربردن: درۆڤێل لەبارەی شێوازی کات بەسەربردنی کوردەکان، لەکاتی دەسـت بەتاڵی و بێکاری و کۆبوونەوەی شـەوان لەدیوەخانەکاندا، بەم

شـــێوەیە ئاماژەی پێی داوە کە کوردەکان و تورکەکان لەبەیانی تا ئێوارە بە بێ جوڵە دادەنیشن و کات بەسەر دەبەن، هەروەها کەسانی زۆر بڵێ و تینووی چیرۆک و بەسەرهاتەکانن، بۆ ئەو مەبەستەش ژمارەیەک دەروێش [مەبەست لێی موریدانی سەر بەرێبازە ســۆفیگەرییەکانە] لەلایەن خۆیان ڕادەگرن [بەو مانایەی کە چیرۆک و بەسەرهاتەکانیان پێ دەگێڕنەوە]، بەجۆرێک ئەو دەروێشانەش لەرێگەی گێڕانەوەی چیرۆکی جۆراوجۆرەوە بژێوی خۆیان دابین دەکەن (درووویل، ١٣٦٥هـــــــش، ٣١٨). لەڕاســـتیدا دەکرێت بڵێین ئەو جۆرە بۆچوونەی گەرێدەو وڵاتناســـەکان لەبارەی کوردەکان و نەتەوە جیاوازەکانی تری ئێران بەگشـــتی زیادەڕەوی تێدایە، چونکە ناکرێت لەڕوانگەی ڕەفتاری باش یان خراپی کەســـێک یان چەند کەســـێکەوە گشـــتاندن بۆ نەتەوەیەک بکرێت. لەم بارەیەوە گەرێدەی فەرەنســـی کۆنت دۆگۆبینۆ، لە یادداشتەکانی خۆیدا دەڵێت:"ئەو دەروێشانەی لە هیندستانەوە دەهاتن زیاتر جێگەی ڕێز بوون، چونکە زانســـــت و زانیاری زیاتریان پێبوو" (دوگوبینو، ١٣٨٣هــــش، ٢٣٥). ئەمەش بەو مانایە دێت، کەوا ئێرانییەکانیش لەلایەن خۆیانەوە پێشـوازییان لە دەروێشـەکان کردووە، بەهۆی ئەوەی ئەوان لەو سـەردەمدا کەسـانی خوێندەوار شـارەزاو گەڕۆکیش بوونە، ئەمەش وایکردووە ئەزموونی ژیانیان زیاتربێت بەراورد بەوانەی بەدرێژایی ژیانیان لەناوچەکانی خۆیان کۆچیان نەکردبێت، بۆیە هەوڵیانداوە گوێ لەچیرۆک و بەســـــەرهاتەکانیان بگرن. تەنانەت وەک ناوبراو باسی لێوە دەکات گەیشتوونەتە دەرباری شای ئێرانیش (دوگوبینو، ١٣٨٣هــــــش، ٢٣٥).

٣. ٤. پێکهاتەی هۆزایەتی: لەبارەی پێکهاتەی هۆزایەتییەوە دروڤێل ئاماژە بەوە دەکات کە کوردەکان بە سـەر چەندین عەشـیرەت[٣] دابەش بوونە، بەجۆرێک هەریەکێک لەوان لەلایەن بەگێکی بەهێزەوە فەرمـــانڕەوایی دەکرێـت، بەڵام بەهۆی ئەوەی بەردەوام لە دۆخی جەنگدان، بۆیە زۆرینەیان خۆیان خستۆتە ژێرباڵی ئێران[٤] و باج و سەرانەی پێدەدەن، لەبەرامبەردا ئێرانیش پشتیوانیان دەکات و دەیان پارێزێت (درووویل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣١٦). عەشیرەتەکانی (هەکاری، بلبان[٥] ، مەهروان[٦] و بێلان)، ڕاستەوخۆ لەژێر فەرمانی شـــازادی جێنشـــینن، بەهۆی تایبەتمەندی شـــوانی کە هەیانە، وەکو عەشـــــیرەتەکانی تر ڕێگری ناکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــــدا بەرخوردیان لەگەڵ هۆزەکانی دیکە لەدەروەی ناوچەکانی خۆیانـدا بێ مەترســـــی نییە (درووویـل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣١٧). بەو مانایەی ئەو هۆزانە ڕووبەڕووی دزی و تاڵانی دەبنەوە لەوکاتانەی مێگەلەکانیان دەبەن بۆ هاوینەهەوارەکان.

٣. ٥. خورەوشــتی کوردەکان: جێگەی ئاماژەیە کە درۆڤێل کاتێک باس لەخورەوشــتی کوردەکــان دەکــات، بۆچوونەکــانی نــا یەکــانگیرو دژ بەیەکییــان بەڕوونی تێدا بەدی دەکرێت. چونکە ناوبراو لەلایەک باس لەوە دەکات کە دانیشـــتوانی ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی ئازەربایجان بەگشــتی خاوەنی خووڕەوشــتێکی هاوشــێوەن، ئەویش ئەوەیە کەســانی توڕەو دووربینن (درووبل، ١٣٦٥ش، ٣٩). پاشــان دەچێتە ســەر باســی کوردو دەڵێت:"یەکێک لە تایبەتمەندییانەی کە کوردەکان پێی ناســراون، میوان دۆســتی و ڕێزگرتنە لەمیوان، بەتایبەتی لەناوچەکانی خۆیاندا، بەڵام هەر ئەو خەڵکە لەوانەیە لە ســنورەکانی خۆیاندا ڕاوەڕووتی بکەن و گەشــتیارەکان تالان بکەن، بەڵام ئــامــادەن لەنــاو خــاکی ئێران بەرگری لە گەشـــــتیــارەکــان بکەن (درووبل، ١٣٦٥هـــــش، ٣١٦ – ٣١٧). لەم بارەیەوە یەکێک لەگەڕیدە فەرەنسییەکان دەڵێت:"ئەگەر کوردێک بەڵێنت پێ بدات، ئەوا بەسـاغی و سـەلامەتی دەتگەیەنێتە شــوێنی مەبەســت و بێ ترس بڕوایان پێ بکە"(بایندر، ١٣٧٠هـــــــش، ١٣١). ئەمەش ڕاستگۆیی و پابەندی کوردەکان دەردەخات بە بەڵێنانەی داویانەبە بەرامبەرەکانیان.

زیاتر لەوەش درۆڤێک کاتێک دەچێتە سەرباسی خەڵکی کرماشان، پێی وایە هەرچەندە ئەوان خەڵکانێکی میوان دۆستن، بەڵام ئەو میوان دۆستییەشیان زیاتر خووەو هیچیتر نییە، چونکە ئەوان لەزۆر لایەنی شــارســتانی و ئەوەی پەیوەندی بەمرۆڤ بوونەوە هەیە بەدوورن، محەمەد عەلی میرا کوڕی گەورەی شـــــا فەرمــانڕەواییــان دەکــات و لەگەڵیــان تونــدە، هەرئەمەش وایکردووە، جیــاوازی گەورە لەنێوان خەڵکی نــاوچەکەو نــاوچەکــانی تری ئێران هەبێــت، ئەمەش هــانی کوردو عەرەبەکــانی نــاوچەکەی داوە ڕێگری بکەن پەلامــاری کــاروانەکــان بــدەن. (درووبــل، ١٣٦٥ش، ٤١). لەبــارەی کوردی ناوچەی کرمــاشــان، گەڕیدەیەکی فەرەنســی بەناوی (ئۆلیڤێ)، لەســاڵی ١٧٩٤ ســەردانی کوردستان و شاری کرماشان و وڵاتی ئێرانی کردبوو، دەبینین هەڵوێستێکی پێچەوانەی ناوبراو لەبارەی کوردەکان دەخاتەڕوو، کاتێک دەڵێت:"کوردەکان کەســانێکی ئارام و ڕووخۆش بوون... بەردوام شیرو ماست و پەنیریان بۆمان دەهێنا" (اولیویە، ١٣٧١هـ.ش، ٢٩).

تەنانەت درۆڤێل پێی وایە کەوا کوردەکان هیچ تایبەتمەندییەکی باشـــــیان نییەو لە هەموو ڕۆژهەڵاتییەکان بێ بەزەیی ترن و هەڵگری هەموو تایبەتمەندییەکی نا پەسندن، ئەوان کەسانی (ستەمکار، ناپاک، خوێن ڕێژ، دز و دوو ڕوون)، ئەوان لەڕیگەی ڕێگری لەخاکی دراوسێکانیان بژێوی ژیانیان پەیدا دەکەن، تاکە سیفاتی باشی ئەوان ئازایەتییەکی لەڕادەبەدەرە، بەڵام ئەو ئازایەتییەش زیادەڕەوییەو جێگەی شـــــانازی نییە، بەڵکو ئەو ئازایەتییە، هــاوشـــــێوەی بێ بــاکی ئاژەڵی شـــــێرە کە لەکاتی ڕاودا تەنها

نێچیرەکەی لەبەرچـاودەگرێـت، گوێ بەمەترســـــییەکـان نـادات کە لەوانەیە دواتر ڕووبەڕووی بێتەوە (درووویل، ١٣٦٥هـــــش، ٣١٦). لێرەدا دەکرێت بڵێین بەهۆی ئەوەی دڕۆڤێل کەسێکی نزیک بووە لەدەسەڵاتدارانی ئێرانی کە (قاجارەکان) بوون، وەک چۆن ئەوان تێڕوانینیان بۆ کوردەکان هەبووە، دڕۆڤێلیش بەهەمان شـێوە ڕوانیویەتە کوردەکان، واتە ئەگەر کـاربەدەســـــتێکی ئێرانی، کوردەکـانی بە چەتەو ڕێگرو کەســـــانی خراپ پێناســـــەکردبێت، ئەویش هەمان کاری کردووە، بێ لێکۆڵینەوەو وردبوونەوە لەهۆکاری ڕق و کینەی کەربەدەستانی ئێرانی بۆ کوردەکان.

لەڕاســـــتیدا یەکێـک لەو بـابەتـانەی کە زۆربەی گەڕیـدەو وڵاتنـاس و نێردە سیاسییەکانی کە بە کوردستاندا تێپەڕێون باسیان لێوە کردووە، دیاردەی ڕێگریکردن لە گەشـــــتیـاران و تـاڵانکردنی ئەو کـاروانە بـازرگـانییـانە بووە کە بەنـاوچەکـانی کوردستاندا تێپەڕیون، هەندێک لەوان لەیادداشتەکانی خۆیاندا، ئاماژەیان بەوە داوە کە لەکـاتی تێپەڕبوونیـان بەنـاوچە کوردییەکـانـدا، لەلایەن کوردەکـانەوە بەمەبەســـــتی تاڵانکردنیان هێرشـیـان کراوەتە ســـەر، یاخود ڕێگرییان لیکراوەو تاڵان کراون، یاخود هەوڵدراوە ڕێگرییان لێبکرێت. لەو نێوەندەشـــــدا دڕۆڤێل بەوردی باســـــی ئەو دیاردەیەی کردووەو ئاماژەی بەوە داوە کە کوردەکان زۆرجار لەدەستەی (١٠ — ٢٠) کەسی لەدەوری یەکتری کۆدەبوونەوەو پەلاماری شـــــارو دێهاتەکانی ناوچەکانی ئەنادۆلیان دەدا، بەڵام لەکردوە تایبەت و گرنگەکاندا چەند دەســـــتەیەک یەکیان دەگرت و هەرچییەکیان بەدەســت کەوتبایە بە یەکسـانی لەنێوان خۆیاندا دابەشـیـان دەکرد، زۆر بە دەگمەن لەو کردەوانەدا بە دەست بەتاڵی بگەڕابانایەوە (درووویل، ١٣٦٥هــش، ٣١٧). هەروەها یەکێکی تر لەنێردە ســـیاســـییەکانی فەرەنســـی (پییێر ژۆبر[٧]) کە چەند ســـاڵێک بەر لە دڕۆڤێل ســـــەردانی کوردســـــتان و ئێرانی کردبوو، دەڵێت:"کوردەکان تەنها لەکاتی بەیانی و ڕۆژئاوابووندا پەلاماری گەشتیارەکان دەدەن" (ژوبر، ١٩٤٣، ١٤). هەروەها یەکێکی دیکە لە نێردە ســیاســییە فەرەنســییەکان دەڵێت:"دوای ماوەیەک گەیشـتینە دێیەک کە لە بەرامبەر لوتکە چیای ئارارات بوو، بۆ بەیانییەکەی خاوەن ماڵەکەی من کە زانیبووی کوردەکان هێرشــــیان کردۆتە هەندێک کەس تاڵانیان کردوون، بۆیە چەند پیاوێکی چەکداری بەگەڵمدا لەگەشتەکەم (بن تان، بیتا ، ٦٣ - ٦٤).

٣. ٦. ئافرەتی کورد: دڕۆڤێل یەکێک لەو بابەتانەی کە تیشـکی خسـتۆتە سـەرو بەوردی ئاماژەی پێداوە، ئافرەت ڕۆڵ و پێگەی ئافرەت بووە لەکۆمەڵگەی کوردی، ســـــەرەتا باســـــی لەوە کردووە کە ئافرەتانی کورد لەڕووی ســـــەرســـــیماو جوانییەوە، ئافرەتی کورد باڵایەکی بەرزو جەستەیەکی بەهێزو سیمایەکی جوانیان هەیە، بەڵام بەهۆی

ئەوەی بەردەوام لەبەر هەتـاودان، ڕەنگیـان دەموچـاویـان قـاوەیی بووە، ژنـانی کورد ســـەرباری ئەوەی گوفتارو ڕەفتاریان زۆر توندە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا کەســـانی میهرەبان و لەســـەرخۆن (درووبل، ١٣٦٥هـــــــش، ٣٢٧). ســـەرباری ئەوەی کوردەکان ئـازادییەکی ڕەهـایان داوە بەئـافرەتـانی خۆیـان، بەتـایبەتی ئـافرەتـانی چینی خواروو، دەمووچاوی خۆیان داناپۆشـــن، بەڵکو تەنها ئەو ئـافرەتانەی کە پیرو بەتەمەنن و بینینێکی لاوازیان هەیەو توانای تیشـــکی خۆریان نییە ڕوپۆش (نیقاب) دەبەســـتن، کە ڕەنگی ڕەشـــەو بە قوماشـــێکی موویین لەدەوری ســـەریان دەیانبەســـت (درووبل، ١٣٦٥هـــــــش، ٣٢٢). لەڕاســـتیدا ئەمە یەکێک لەو بابەتە گرنگانەیە کە زۆربەی گەڕیدەو وڵاتنـاســـەکـان ئـامـاژەیـان پێداوە، کەوا کوردەکـان ئـازادییـان داوە بە ئافرەتانی خۆیان، یاخود ئافرەتانی کورفد بەراورد بە ئافرەتانی دیکەی موســـڵمانی نەتەوە هاوســـێیەکانی کورد هەمان ئازادی ســـەربەســـتیان نەبووە، کە ئافرەتێکی کورد هەیبووە. بۆنمونە درۆڤێـل هەر خۆی بـاس لەو کۆت و بەنـدانە دەکـات کە ئێرانییەکـان خســـتبوویـانە ســـــەر ئـافرەتـانی خۆیـان، کـاتێـک دەڵێـت:" زۆربەی گەڕیدانەی ســـــەردانی ئێرانیـان کردووە، تەنها بـاســـــی پیاوانیـان کردووە، بەڵام هەرچییەکیان لەبارەی ئافرەتی ئێرانییەوە نووســـیوە ڕاســـتی و دروســـتی تێدانییە، چونکە ئەگەر ئەورووپییەک لەهەر پلەو پێگەیەک دابێت و چەنـدین ســـــاڵیش لەیەک شار نیشتەجێ بووبێت، تەنانەت بۆ یەکجاریش سەرکەوتوو نابێت ڕوخساری ئافرەتێکی ئێرانی ببینێت" (درووبل، ١٣٦٥هـــــــش، ٢). هەروەها یەکێکی دیکە لەئەفسەرانی فەڕەنسی کە لەساڵی ١٨٠٧ بەناوی (ئۆگۆست بن تان/ ١٧٨٢ – ١٨٦٢)، کە چەند ساڵێک بەر لەدرۆڤێل سەردانی ئێرانی کردبوو، لەبیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێت:" ئەو ماوەیەی لەئێران بووم، نەمتوانی ڕووی ژنێکی ئێرانی ببینم، هەرچەندە ئێمە داوەتی مـاڵەکـانیشـــیـان دەکراین، بەڵام نەمـدەتوانی ڕووی ژنێـک ببینم، هەرچەندە ژنەکان منیان لەپشـــتی پەردەوە ســـەیر دەکرد، بەڵام من نەمدەتوانی بیانبینم، تەنانەت پیاوانی ئێرانی ئامادەنین هیچ پرســـیارێک لەبارەی ژنەکانیان بکرێت" (بن تان، بیتا ، ١٠٨).

هەروەها درۆڤێل پێی وایە کە ئافرەتانی کورد وەکو ژنانی ئێرانی کێشـــانی نێرگەلە (قلیان) دەکێشـــن و لەبەیانی تا ئێوارە زۆربەی کاتەکانیان بەبێ کاری لەبەر دەرگای ماڵەکانیان بەدادەنیشن بەسەردەبەن، کەچی مێردەکانیان لێیان نیگەران نابن (درووبل، ١٣٦٥هـــــــش، ٣٢٢). بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــــدا کە ژنـانی کۆچەرو نیمچە کۆچەرەکانی کورد، کەســانی زۆر لێهاتوو و زەحمەتکێش و پاک و خاوێن و خانومان

و ماندوون، ئەوان بە پێچەوانەی ژنان و پیاوانی شـارەکان و گوندنشـینەکان، کاتێک لەئیشـی ماڵ تەواو دەبن، خەریکی دروسـتکردنی هەموو جۆرە چنینێکن کە لەخوری دروسـت دەکرێت، کە لەتەواوی ئێران دەفرۆشـرێت و بۆ دروسـتکردنی فەرش بەکاردێت (دروویل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣٢٦). لەڕاستیدا ئەو بۆچوونەوەی دروڤیل دەکرێت لەگەڵ هەندێک لەئافرەتانی شـارنشـین بووبێت، چونکە گومانی تێدانییە ئافرەتیکورد ئافرەتانی زەحمەتکێش و ماندوونەناس بوونە، لەئێستاو لەمێژووشدا، بەشداریان لەپەروەردەکردنی منداڵ و پێگەیانیان و دروستکردنی خۆراک و ماڵداری و پێگەیاندنی نەوەو سوارچاکی بەتوانا کردووە. تەنانەت هەر دروڤێل بەخۆی باس لەڕۆلی ئافرەتێک دەکات کەخوشکی سەرۆکی عەشیرەتی بێلان بوو بەناوی (ئیسماعیل بەگ[٨])، توانیبووی سوپای میرنشینی هەکاری تێکبشکێنێت کاتێک هێرشیان کردبووە سەر ئەو هۆزە (دروویل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣١٩).

لەوەش زیاتر دروڤیل باسی ئەوەشی کردبوو، کە کوردەکان لەڕووی خێزانداری و پێکهێنانی خێزانەوە، ئەگەرچی هاوشـێوەی نەتەوە موسـڵمانەکانی تر بەپێی ئاینیەکەیان ڕێگەیان پێدراوە چوار ژن بهێنن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەناو کورددا (فرە ژنی) بوونی نییە، بەڵکو ئەو دیاردەیە زۆر بەکەمی لەناویاندا بەدی دەکرێت کەسانێک هەبن زیاتر لەژنێکیان هێنابێت، هەربۆیە ژنانی کورد لەم لایەنەوە زۆر خۆشـبەختترن لەژنانی فارس، چونکە لەماڵی ئێرانییەکاندا بەدەگمەن ڕۆژێک دەگوزەرێت بەبێ شـەڕو کێشەی نێوان ژنەکانیان کۆتایی بێت (دروویل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣٢١).

لەڕووی جل و بەرگیشەوە دروڤێل پیی وایە کە پۆشاکی ژنانی کورد زۆر جوان و سـەرنج ڕاکێشـترە لە جل و بەرگی ژنانی ئێرانی، ئەو باس لەوە دەکات کە ئافرەتی کورد کراسێکی گەورە لەگەڵ نیوە کراسێکیشی بەسەردا لەبەردەکەن، لەسەر نیو کراسـەکەش کەمەربەندێکی گرانبەها دەبەسـتن، کە بە تەواوی هێڵی جەسـتەیان دەردەخات، ئافرەتانی کورد، هاوشـێوەی پیاوان جامانە لەسـەر دەکەن و شـەڵواریش لەبەردەکەن، بەڵام جلەکانی ئەون لەهی پیاوان جوانتر و سـەرنج ڕاکێشـترو سـوکترە (دروویل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣٢١ – ٣٢٢). سـەرباری ئەوەی دروڤێل پێی وایە کە ئەو جل و بەرگانەی کە ژنانی کۆچەری کورد لەبەری دەکەن، لەگەڵ ئەو جل و بەرگانەی ئافرەتانی کورد کە لەشارەکان لەبەری دەکەن جیاوازن، بەجۆرێک کراسەکانیان زۆر گەورەو شۆڕە کە بە هۆی پشتێنێکی سپییەوە، لەکەمەریان دەبەسترێت توند دەکرێت، لەچکەکانیان لە قوماشـی سـپی ڕەنگ پێکدێت و لەهەردوولای سـەریانەوە تاکو

کەمەریان شـــۆڕ بۆتەوە، لەچکەکە بەهۆی داوێکی باریکی ئاوریشـــمی ڕەنگ قاوەیی کە لەنێوچاوانیان دەبەسترێت، ڕادەگیرێت (دروویل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣٢٦).

هەروەها ئافرەتانی کورد هاوشـــێوەی ژنانی ئێرانی زۆر حەزیان لەخشـــڵ (زێڕو زیو)ـــــــە، یەکێک لەگەورەترین خۆشـــییەکانیان ئەوەبوو، کاتێک خۆیان بەو خشـــڵانەوە بەدیار دەخست (دروویل، ١٣٦٥هــ.ش، ٣٢٢). سەرباری ئەوەی کە لەناویاندا ژنانی دەست ڕەنگین و بەتواناش هەن، کە ئیشی (دوورمانی زێڕ) دەکەن، ئەو ژنانە بەو هونەرەی هەیانە هێلەگی زۆر جوان و ســــــەرنج ڕاکێش بۆ مێردەکـانیـان دەدوورن، چونکە دەبێ لەجەژن و بۆنە گەورەکاندا هێلەگ و نیو کراسی پیاوەکان زۆر تایبەتمەندبێت (دروویل، ١٣٦٥هــــ.ش، ٣٢٢).

٣. ٧. ژیانی کۆچەری لەناو کورددا: لەڕاستیدا درۆڤێل پێی وایە سەرباری ئەوەی بەشێک لەکوردەکان نیشـــتەجێن و لەناوچەکانی خۆیاندا ســـەرقاڵی ژیانی خۆیانن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا هەندێک لەهۆزەکانی کورد خەریکی بەخێوکردنی مەڕوماڵاتن، ئەوانیش دابەش بوونە بۆ سەر نیمچە کۆچەر و کۆچەرەکان (دروویل، ١٣٦٥هــــ.ش، ٣٢٤ - ٣٢٥). هەرچی نیمچە کۆچەرەکـانن، ئەوان لەبنەڕەتـدا لەنـاوچەیەک نیشـــتەجێن و ناوچەکەشـــیان لەوەڕگەی پێویســـتی هەیە بۆ ماڵاتەکانیان، بەڵام بەهۆی حەزیان بۆ ژیانی کۆچەری، وایکردووە ئەوان ماڵەکانی خۆیان بەجێ بهێڵن و لەســاڵێکدا (٧ - ٨) مانگ بەشـێوەی کۆچەری و لەژێر چادر (ڕەشــماڵ) بەســەر ببەن، بەجۆرێک لەو ماوەیەدا بەردەوام لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر کۆچ دەکەن، ئەوان بەدووری چەند فەرســەخێک لەشـوێنی نیشـتەجێبوونیانەوە بەشـێوەی بازنەیی کۆچ دەکەن و تاکو دەگەڕێنەوە ماڵەکانی خۆیـان، لەکاتی لەوەڕاندا شــــێوازی ژیـانی نیمچە کۆچەرەکـان هیچ جیـاوازییەکی لەگەڵ ژیـانی کۆچەرەکـان نییە، ئەوان بێ ئەوەی خۆیــان تێکبــدەن زۆر بەخێرایی شــــوێنی خۆیــان دەگۆڕن، لەگەشتەکانیاندا کەلوپەل و پێداویستییەکی زۆر لەگەڵ خۆیان دەبەن (دروویل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣٢٥).

هەروەها بەشـــێوەیەکی گشـــتی ژمارەی ئەندامانی هەر خێزانێکی نیمچە کۆچەر لە (١٢) کەس پێکهاتبوو، کە (ژن و پیاو و منداڵان و خزمەتکار)ـــــــەکانی لەخۆدەگرت، بـاوک کە ســــەرۆکی خێزانە بوو، هیچ کـاتێـک لەمـاڵ دەرنەدەچوو، لەبەرامبەردا کوڕەکان کە چەکدار و ســـوارە بوون ئەو ئەرکەیان ڕادەپەڕاند، یاخود بۆ ئەنجامـدانی کـارەکـان دەچوونە دەرەوە، کە زۆرجـار چەنـد هەفتە و چەنـد مـانگێکی

دەخایاند، بەڵام کاتێک دەگەڕانەوە، جگە لە خەوتن و نان خواردن و خواردنەوەی قاوەو جگەرە کێشـــان هیچ کارێکی تریان نەدەکرد (درووپل، ١٣٦٥هـــــــش، ٣٢٥). بەڵکو چاودێریکردنی مێگەلەکان کاری شـــوانەکان بوو، کە کەســـانی هەژارو بێ دەرەتان بوون، ئەوان لەهیچ کاتێکدا مێگەلەکانیان بەجێنەدەهێشـــت، خواردنی ســـەرەکییان نانی وشـــک و پەنیری بزن بوو، کە (٨) ڕۆژ یاخود (١٥) ڕۆژ جارێک پێیان دەدان، جل و بەرگیان زۆر هەژارانە بوو، بەگشتی لە لبادێکی گەورە کە لەناوەڕاستەکەی کونێکی تێدابوو پێکهاتبوو (درووپل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣٢٧).

پێکهاتەی چادر(ڕەشماڵ)ـەکانیان، لەپارچە قوماشی خوری گەورە پێکهاتووە، کە ڕەنگی ڕەشـــە، کە لەڕێگەی پارچەدارەوە لەزەوی جێگیر دەکرێت، لەچوار بەش پێکدێت، بەشی یەکەم تایبەتە بە ئەندامانی خێزان، بەهۆی دیوارێکەوە کە لە قامیش دروســـتکراوەو ســـێ پێ بەرزی دەبێت لەبەشـــەکانی تر جیا دەکرێتەوە، بەهۆی ئەوەی قامیشـەکان زۆر بەچڕی لەتەنیشـت یەک نەبەسـتراون، بۆیە ئەو بەشـە زۆر فێنکە، زەوی ئەو بەشـەیە کە هاوکات شـوێنی دانیشـتنی ئەندامانی خێزان و نان خواردن و خەوتنیشـە بەفەرش ڕووپۆش کراوە، ســـەربـاری ئەوەی کوردەکـان هـاوشـــێوەی چینی خوارەوەی ئێرانییەکان، هەموویان لەیەک ژووردا بەشـــێوەیە تێکەڵ بەســـەریەکەوە دەخەون، کە (باوک، دایک، کوڕەکان، کچەکان، زاوایەکان، بوکەکان و منداڵەکا) لەخۆدەگرێت (درووپل، ١٣٦٥هـــــش، ٣٢٥ - ٣٢٦). هەرچی بەشـــی دووەمی ڕەشـــماڵەکەیە، تایبەتە بە ئەسـپەکان و گوێدرێژەکان، هەروەها بەشـی سـێیەمیش کە بەشـە گەورەکەیە، تایبەتە بەو ئـاژەڵانەی کەنـابردرێن بۆ لەوەڕ، بەتـایبەتیش ئـاژەڵە تـازە زاوەکـان و بێچووەکـانیـان، بەشـەوانیش لەژێر ڕەشـماڵدا دەمێننەوە، بەشـی چوارەمیش، هاوکات چێشـتخانەو شـوێنی دروسـتکردنی نان و سـەر شـۆردن و هەموو ئەوانەی پەیوەسـتە بە ماڵدارییەوەیە (درووپل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣٢٦).

کۆچەرەکان بەدەگمەن بە تەنهایی کۆچیان دەکرد، بەڵکو هەمیشـــە (٢٠) خێزان کە پەیوەندی خزمایەتی و خوێن بەیەکیان دەبەســـتێتەوە بەیەکەوە کۆچیان دەکرد، ئەوان دەچوون بۆ ئەو ناوچانەی کە ئاوو هەواو لەوەڕگایەکی گونجاوی هەبوو، هەر ڕەشـماڵ نشـینێکیش بەدووری زیاتر لەکیلۆمەترو نیوێک لەیەکتری هەڵیاندەدا، تا ئەوکاتەی لە لەوەڕگاکە گژوگیا هەبایە دەمانەوە، پاشـــان باروبنەیان تێکدەناو بەرەو ناوچەیەکی تر کۆچیان دەکرد، لەمانگەکانی زسـتان بەتایبەتیش لە هەرسـێ مانگی (کانونی یەکەم، کانونی دووەم و شـــوبات)دا بەرەو خوارووی ئێران و ناوچەکانی (قوم و ئەسـفەهان) دەڕۆیشـتن (درووپل، ١٣٦٥هـــــش، ٣٢٧). جێگەی ئاماژەیە لەژێر ڕۆشـنایی ئەو

گووتەیەی درۆڤێل دەردەکەوێت، کە کوردە کۆچەرەکان بە مێگەلەکانیانەوە بێجگە لەناوچەکانی کوردســـتان، بەڵکو بۆ دەرەوەی ســـنووری کوردســـتانیش لەخواروو و ناوەڕاستی ئێرانیش کۆچیان کردووە.

هۆزە کۆچەرەکـان لەکـاتی کۆچکردنـدا ئەگەر لەوەڕگـایـان دەســـت نەکەوتبـایە لەنزیـک دێهـاتەکـان هەڵیـانـدەدا، بەڵام هیچ کـات نەدەچوونە مـاڵی گوندنشـینەکان، بەڵکو لەدووری (١٠٠ پێ) سـەنگەرێکی کەوانەییان دروست دەکردو مێگەلەکانیان تێدا دادەکرد، گوندنشینەکان کە خەڵکانی میوان دۆستن، هاوکاری ئەوانیان دەکردو شـــتیان پێدەدان، بەهۆی ئەو ژیانە ســـەختەی هەیانبوو، بەچاوی ڕێزەوە ســـەیر دەکران، ئێرانییەکـان نەک لەهـاتنی ئەوان بۆ نـاوچەکـانیـان دڵگران نەبوون، بەڵکو دڵخۆشیش بوون بەهاتنیان، چونکە مانگاو مەڕوبزنیان بەنرخی هەرزانتر لەنرخی بازاڕ لێیان دەکڕییەوە (درووویل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣٢٨).

٣. ٨. خۆراک: سـەبارەت بەشـێوازی خۆراک و خواردەمەنییە کە لەناو کوردەکان باوبوو، درۆڤێل باســی لەوە کردووە کە کوردەکان خەڵکانێکی زۆر بە بڕواو کەمخۆرن، خواردنەکـانیـان زیـاتر لە پێکهـاتەکـانی (برنج) پێکهـاتووە، یەکێـک لەخواردنە بـاوەکـانیـان (کفتە)یە، ئەویش لەڕێگەی تێکەڵکردنی هەویر و گیـای بۆنـدار لەگەڵ یەکتری و پاشـان لەئاوی گەرمدا دەیکوڵێنن دروســتیان دەکرد، هەروەها ئەوان گۆشـتی مەڕ و بزن [ڕەنگە مەبەسـتی بەرخ و گیسـک بێت] بە بێ تام و بۆن [بەهارات] و هەندێکجار بە بێ خوێش لە ئـاودا دەیکوڵێنن و دەیخۆن، ســـەربـاری ئەوەی کوردەکان زۆر حەزیان لەگۆشـتی وشـتر [حوشـتر]ە، ئەوان کاتێک بەســەر ناوچەیەک دادەدەن و تاڵانی دەکەن و یەکێک لە بەچکە وشترەکان سـەردەبڕن و هاوسێیەکانیشیان بانگهێشت دەکەن تاکو لێی بخۆن (درووویل، ١٣٦٥هـــ.ش، ٣١٨). لەڕاستیدا ئەم جۆرەی گۆشت کوڵاندن دەتوانین بڵێین ئێستاش لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا ماوە، ئەویش کوڵاندنی گۆشتە بە ئاوی خۆی کە پێی دەڵێن گۆشت بە چەلاو یاخود مەرەگەی گۆشتی.

جێگەی ئـامـاژەیە درۆڤێل لەدرێژەی بیرەوەرییەکانی خۆیدا ئـامـاژەی بەچۆنییەتی دروســـتکردنی نانیش کردووە لەناو کوردەکاندا، ئەویش کاتێک دەڵێت:" ئەو نانەی کوردەکـان دروســـتی دەکەن لەچـاو هی ئێرانییەکـان زۆر نـاســـکترەو زۆر بەکەمی دەیبرژێنن و پاشـان لەبەر هەتاو هەڵیدەخەن تاکو وشـک بێتەوە" (درووویل، ١٣٦٥هـــــ.ش، ٣١٨). لەڕاستیدا یەکێک لەو گەڕیدانەی کە نزیکەی ٢٠٠ ساڵ بەر لە درۆڤێل سەردانی

کوردستانی کردبوو، وردتر لەسەر شێوازی نانی کوردەکان دواوەو باسی ئەوەی کردووە کە کوردەکان نانەکانیان تەنکل و خڕو گەورەیە (دلاوالە، ١٣٧٠هـــش، ١٢). ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئەوجۆرە نانە تایبەت بووە بەکوردو مێژوویێکی دێرینیشـــی هەبووە، ســـەرباری ئەوەی ئەو جۆرە نانە لەکاتی ئێســتادا لەناو کۆمەڵگەی کوردەواری بە (نانی تیری) یاخود (نانی ســاجی) ناســراوە، کە تەنک و خڕەو کەمێک دەبرژێندرێت و دواتر لەکاتی بەکارهێنانیدا هەندێک ئاوپرژێن دەکرێت بۆئەوەی نەرم بێتەوەو دواتر دەخورێت.

ســـەرباری ئەوەی درۆڤێل لەنێو گێڕانەوەکانیدا باســـی لەیەکێک لەو بابەتانە کردووە کە پەیوەنــدی بە پــابەنــدبوونی ئــایینی کوردەوە هەیە، بۆیە لێی نزیــک نەکەوتوونەتەوەو خۆیان لێی بەدوور گرتووە. ئەویش خواردنەوەی (مەی/ شەراب)ـە، درۆڤێل ئاماژەی بەوە کردووە کە کوردەکان هەرگیز (مەی) ناخۆنەوەو لێوی لێ نادەن، بەڵام ئەگەر بزانرێت کەســـێک خواردوویەتییەوە، ئەوا ســـزایەکی زۆر توندیان دەدا، ئەگەر یەکەم جاری بایە، ئەوا بۆ ماوەی (١٢) کاتژمێر ســـەراوژێر لەدارێک لەداریکیان دەبەســـتایەوە، بەڵام ئەگەر دووبارەی کردبایەوە، بێجگە لەوەی دووبارە بەهەمان شـــێوە دەیانبەســـتایەوە، هاوکات دارکاریشـــیان دەکرد (درووپل، ١٣٦٥هـــــش، ٣١٨). ئەمەش پابەندبوونی کوردەکان دەردەخات بە بنەماکانی ئایینی ئیســـلام، بەهۆی ئەوەی مەی قەدەگە بووە، بۆیە خۆیان بەدوور گرتووە لەخواردنەوەی مەی، بەڵام مەرج نییە بەڕەهایی هەموو تــاکێکی کورد مەی نەخواردبێتەوە، بەڵکو دەکرێ ئەوانەی مەیلیـــان بۆ خواردنەوەی مەی هەبووە، بەنهێنی ئەم کارەیان کردبێ، چونکە ئەگەر خواردنەوەی مەی لەناو هەندێک لەکوردەکان نەبووبێت، ئەوا سزاکەشی نەدەبوو.

٤. پەیوەندییەکان و پێکهاتەی سەربازی کوردەکان:

٤. ١. ڕۆڵی سیاسی کورد لەئێران: شیاوی باسە درۆڤیل لەبیرەوەرییەکانی خۆیدا کاتێک دەچێتە ســـەرباســـی بنەماڵە دەســـەڵاتدارەکانی ئێران، باس لەڕۆڵی ســـیاســـی کورد دەکات لە وڵاتی ئێران، کەوا چۆن کوردەکان توانیویانە بۆ ماوەی نزیکەی نیو سەدە فەرمانڕوایی ئێران بکەن، ئەویش بەتایبەتی لەدوای کوژرانی نادرشای [ئەفشار ١٧٣٦ – ١٧٤٧]، ڕەوشـــی ســـیاســـی ئێران دووچاری باروودۆخێکی ناهەموار بۆوەو بووە هۆی ســـەرهەڵدانی جەنگی ناوخۆییو تاکو ســـەردەمی فەتحعەلیشـــا(٩)، بەردەوامی هەبوو، چونکە لەو ماوەیەدا ئێران لەهەموو ڕوویێکەوە لاواز بوو، لەزۆربەی ناوچەکان دەســتەی ڕێگر ســەریانهەڵدا، دزی و ڕێگرییان دەکرد، خەزێنەی دەوڵەت بەتاڵ ببوو، تــاج و تەختی وڵاتیش ململانێیەکی تونـدی لەســـــەربوو، ئەمەش بەردەوامی هەبوو تاکو دەرکەوتنی کەریم خان(١٠) ، کە لەهۆزی زەندی کوردی بوو، ســـەردەمانێک

هاوڕێی نادربوو، لەژێر ناوی (وکیل الرعایا/ نوێنەری هاووڵاتیان) تاجی شـــاهێتی ئێرانی لەســەرنا، ناوبراو بۆ ماوەی ٣٠ ســاڵ ئارامی گەڕاندەوە بۆ وڵات. بەڵام لەدوای مردنی جارێکی دیکە نا ئارامی ڕووی لە ئێران کردەوە لەنێوان شوێنگرەوەکانی، هەرچەندە کەریم خان (ئاغا محەمەد خان[11])ی خەســـاند بۆ ئەوەی نەبێتە شـــای ئێران، بەڵام بەهۆی ئەوەی لەزۆربەی ڕکابەرەکانی بەتواناتربوو، [توانی خۆی بکات بەشـای ئێران و کۆتایی بەبنەماڵەی زەند بێنێت]، پاشـان ئەویش لە لایەن یەکێک لەیەکێک لەپاســـەوانەکانی کوژرا، لەدوای کوژرانی جارێکی دیکە ململانێ لەنێوان خوازیارانی تەختی پادشـایەتی ســەریهەڵدا، ســەرەنجام فەتحعەلیشـا توانی بەسەر ڕکابەرەکانی سەرکەوێت و ببێتە شای ئێران. (درووویل، ١٣٦٥هـــــش، ٢٢ – ٢٣). هەرێمی ئازەربایجان کە مەڵبەندەکەی شـاری (تەورێز/ تەبریز)ـــــە، لەلایەن (عەباس میرزا[12])ی شـــازادەی جێنشـــین بەڕێوەدەبردراو شـــارەکانی (خوی، ورمێ، مەراغە، یەریڤان، ســـوفیان و ئاهر[13]) لەخۆ دەگرت، هەریەکێک لەو ناوچانەش لەلایەن (بەگلەربەگ)ێکەوە بەڕێوە دەبردرێت، کە لەلایەن شـاوە دادەنرێن (درووویل، ١٣٦٥هـ.ش، ٢٠٢).

٤. ٢. پەیوەنـدی نیوان کوردەکـان و حکومەتێ ئێران: ســـەبـارەت بەپەیوەنـدی نێوان کوردەکـان و حکومەتی ئێران، گومـانی تێدا نییە، کە ئەو پەیوەنـدییە لەڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە هەڵبەزو دابەزی تێدابوو، هەرچەندە لەپێشتریش ئاماژەمان پێدا کەوا کوردو کوردســـتان لەدوای جەنگی چالدێران کە لەســـاڵی ١٥١٤دا ڕوویدا، بەسەر هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و وئێران دابەش بوون. هەربۆیە بەشە گەورەکەی کەوتە ژێر دەســـەڵاتی عوســـمانی بەشـــە بچوکەکەی کەوتە ژێر دەســـەڵاتی ئێران (شـرفکندی، ١٣٩٢هـــــش، ٦ - ٨) لەم بارەیەوە درۆڤێل پێی وایە ســـەرباری ئەوەی کوردەکان باجدەری ئێرانن، بەڵام کوردســـــتان حکومەتێکی جیاوازو تایبەت بەخۆیان هەیە (درووویل، ١٣٦٥هــش، ٧). هەروەها زۆرینەی کوردەکان باجدەری ئێرانن، بۆیە ڕۆژێکدادێت ئەوانیش هاوشـــێوەی تورکمانەکان هەموویان دەبنە بەشێک لەئێران (درووویل، ١٣٦٥هـــــش، ٣١٥). تەنانەت باسی ئەوەی کردووە کە چۆن فەرمانڕەوای هەرێمەکـان ســـاڵانە باج و ســـەرانەیان لەچین و توێژە جیاوازەکانی ناوچەکانی ژێر دەســـەڵاتیان وەردەگرت و بەشـــێکیان دەنارد بۆ وەزیرەکان تاکو پشـــتیوانیان بکەن و لەشـوێنی خۆیان بیانهێڵنەوەو بەشـــەکەی تریشیان بۆ خۆیان هەڵدەگرت (درووویل، ١٣٦٥ هـــش، ٢٠٣). گومانی تێدانییە کە وەرگرتنی ئەو بـاجـانەش بەشـــێکی زۆری لەئەســـتۆی کوردەکـان دابوو، بۆ

ئەومەبەستەش فەرمانڕەوای هەرێمەکان هۆزەکانیان ناچار دەکرد بەگوێرەی زۆری ژمارەی ئەو مێگەل(مەڕومالآت)ـــانەی کە هەیان بوو، باج بدەن (درووێل، ١٣٦٥ش، ٢٠٤). هەرچی کوردەکان بوون، بەهۆی ئەوەی ئەوان سەر بە شازادەی جێنشین بوون، بۆیە لەناوچەی ئازەربایجان باج و سەرانەیان نەدەدا، بەڵکو تەنها لەکاتی جەنگدا ســـەربازی ســـوارەو پیادەیان پێشـــکەش کردووەو لەپێدانی هەموو جۆرە باجێک بەخشـــراو بوون (درووێل، ١٣٦٥ش، ٢٠٥). بەڵام بەهۆی ئەوەی کوردەکان لە ناوچە شاخاوییەکان دەژیان، بەهۆی سەرماوسۆڵی زستان لە ناوچەکەیان لەوەڕگە نەدەما، بۆیە نـاچـار دەبوون بۆ ویلایەتێکی دیکە کۆچ بکەن، کە ئـاوو هەواو لەوەڕگایەکی گونجاوی هەبوو لەو وەرزەدا (درووێل، ١٣٦٥ش، ٢٠٤). بۆ نمونە: هۆزی هەکاری کە لەژێر سایەی شازادە دەژیان، ساڵانە بە مێگەلێکی یەکجار گەورەوە بۆ دەشـت و لەوەڕگە بەرفراوانەکانی ئێران بەئازادانە کۆچیان دەکرد و سـوودیان لێی دەبینی، کاروباری هۆزەکانیش لەلایەن بەگەکان بەڕێوەدەچوو، ئەوان تەنها لەکاتی جەنگدا سـوارەو پیادەیان دەدا بە شـازادە، بەڵام کاتێک لەسـاڵی ١٨١٣ بەگلەربەگی (ورمێ) هۆزەکانی ناچارکرد باج و سەرانەی پێ بدەن[١٤] ، هۆزەکانی ناوچەکە نارەزاییان دەربڕی و لەدژی ئەو یەکیان گرت و ڕاپەڕین، سەرەنجام شازادە ناچار بوو، بیگۆڕیت و کەسـێکی تری بەناوی عەسـکەرخان[١٥] لەشـوێنی دانا (درووێل، ١٣٦٥ش، ٢٠٥).

٤. ٣. لایەنی ســەربازی کوردەکان: درۆڤێل لەبیرەوەرییەکانی خۆی ئاماژەی بەوەداوە کە کوردەکان جەنگاوەری ئازاو بەتوانان، بەتایبەتیش سـوارەکانیان، ئەوان لەهێزی نا ســەربازی (نا نیزامی) ســوپای ئێران شـــەڕیان دەکردو بەئاســانی دەیانتوانی پێش لەهاتنی هێزەکانی تورکەکان [عوســـمانییەکان] بگرن بۆ ناو خاکی ئێران، هەروەها لەکـاتی جەنگـدا ٣٠ هەزار جەنگـاوەری کورد لەپـاڵ ســـوپـای ئێران بەشـداریان لەشـەڕدا دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا هێزی نا نیزامی ئێران بەشـێوەی هەمیشـەیی لە ڕیزی سوپا نەدەمانەوە، بەڵکو لەکاتی ئاشـتی دا، شـازادە نیوەی هەر (بەتالیۆن/فەوج)ێکی دەناردەوە ماڵەوە بۆ ئەوەی ســەرقاڵی ژیانی ئاســایی خۆیان بن (درووێل، ١٣٦٥ش، ٢٥٦ - ٢٥٧). هەر لەم بارەیەوە ئەفســـەرێکی بەریتانیانی بەناوی جۆن مەکدۆنالد کینیەر) لەنێوان سـاڵانی (١٨١٣ – ١٨١٤)، سـەردانی کوردسـتانی کردووە (ســـایکس، ٢٠٠٧، ١٩). لەبیرەوەرییەکـانی خۆیـدا ئـامـاژەی بەوەکردووە کە:"کوردەکان سوارچاکی لێهاتوون و چێژ لەشەڕکردن دەبینن" (Kinner،1813 ، 143). ئەمەش بەو مانایە دێت، کوردەکانی کەســـانی ئازاو بەتواناو چاونەترســـن.

هەروەها بەپێی گێڕانەوەی درۆڤێل بێت، تەنها لەکاتی جەنگ بەشـــداریان لە شەڕەکاندا دەکرد و لەکاتی ئاساییدا سەرقاڵی ژیانی خۆیان دەبوون و دەگەڕانەوە بۆ ماڵەوە.

لەڕووی هونەری جەنگییەوە کوردەکان شـــێوازێکی تایبەت بەخۆیان هەبوو، لەهەموو هێزە نا ســـەربازییەکانی تری ئێران ڕێکخراوتر بوون، ئەوان لەکاتی جەنگدا خۆیان لە دوو دەســـتە ڕێکدەخســـت، بەجۆرێک ســـەرکردەی هۆزو عەشـــیرەتەکان کە پێویســـت بوو لەئەندامانی هۆزەکانیان ئازاتربن، هەردەم لەپێشـــەوەی ســـوپاکەیاندا دەجەنگان و ئەوان یەکەم کەس بوون کە ڕووبەڕووی دوژمن دەبوونەوە، لەکاتی جەنگدا هەمیشە هێرشیان دەکردە سەر دوژمنەکانیان، بەڵام بەر لەدەسپێکی شەڕ چەکەکانی خۆیان دەپشـــکنی، بۆ ئەوەی هیچ کەموکوڕییەکیان نەبێ لەکاتی شـــەڕدا، بەجۆرێک هەر جەنگاوەرێکی کورد لەکاتی شـــەڕدا، (ڕمێک و خەنجەرێک و دوو دەمانچە و دوو شمشێرو قەڵغان)ێکی پێبوو، شمشێرەکی لەقەدی دەبەست و ئەویتریشی بەشێوەی ستونی لەزینی ئەســـپەکەی دەبەســـت، بۆ ئەوەی ئەگەر هـاتوو لەکـاتی ڕووبەڕووبوونەوەدا شـمشـێرێکی شـکا، بەخێرایی سـوود لەئەوی دیکە وەربگرێت، کوردەکان لەکاتی شـــەڕدا بەشـــێوەیەک ڕەفتاریان دەکرد وەکو ئەوەی لەکۆڕێکی کات بەســـەربردن بن، هەرها پیاوانی ئایینی هەر تیرەیەک تەورێکی بەدەستی ڕاستەوە بوو، دەیسوڕاند، بەدەستی چەپیشـــی لەو تەپڵە دەدەن کە بە زینی ئەســـپەکەی بەســـتبوو، بەردەوام وشـــەی (الله) دەگووتەوە، تەنانەت پیاوانی ئایینی یەکەم کەســـن کە دەســـت لەدوژمن دەوەشـــێنن (دروویل، ١٣٦٥هــــــش، ٣٢٠). ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاسـتییەیە کەوا سـەرکردەو پیاوانی ئایینی کورد هاوشـــێوەی ئەندامانی تیرەو هۆزو عەشـــیرەتەکانی خۆیان بەشـــدارییان لەشەڕەکاندا کردووەو لەڕیزی پێشەوەش جەنگاون.

کوردەکان زۆر ڕێزیان لە پیاوی ئازاو دلێر دەگرت، یەکێک لەو جیاوکانەی کە جەنگـاوەرە ئـازایەکـانی کورد هەیـانبوو، ئەگەر لەهەر پێگەو پـایەیەکی کۆمەڵایەتیش بانایە ئەوا مافی دانیشـــتیان لەبەرامبەر پیاوە گەورەکان هەبوو، هەربۆیە گەورە پیـاوەکـان زۆر لەبەرزبوونەوەی پێگەی ئەوان دەترســـان و بەوردی چـاودێرییـان دەکردن، سـەرباری ئەوەی پیاوە ئازاکان یەکێکی دیکە لەو جیاوکانەی کە هەیانبوو، کە لەهەموویـان گرنگتر بوو، ئەویش بەســـتنی (پەڕی تـاوس) بوو لە(مەنـدیـل/ جامانە)ـــــــەکانیان، ئەویش لەپای کوشـــتنی هەر ســـەربازێکی دوژمن پەڕێکیان لەجامـانەکـانیـان دەبەســـت، بەجۆرێک کە زۆربەیـان هەموو ســـەریـان بە پەڕی تـاوس داپۆشـرابوو، تەنانەت درۆڤێل ئاماژەی بەوە دواوە کە ئەو لاوێکی کوردی بینیبوو، هێشـتا

تەمەنی نەگەیشـتبووە (٢٥) سـاڵ (٩) پەڕی تاوسـی لەسـەری بەسـتبوو، تەنانەت ئاماژەی بەوەداوە کە کوردەکان زۆر شانازیان بەو پەڕانەوە دەکرد، کە بە مانای ئازایەتی دەهات، زۆرجار ئەگەر لەنێوان خۆیاندا ببایە شـەڕیان، گەورەترین جوێن کە بە بەرامبەرەکەیان دەبایە دەیانگووت"جامانەکەت لەبەر هەتاو سـووتاوەو تا ئێسـتا ئازایەتی ئەوەت پەیدا نەکردووە سایەوانێکی بۆ پەیدا بکەیت"(دروویل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣٢١).

سـەرباری ئەوەی دۆڤێل یەکێک لەو بابەتانەی تر کە تیشـکی خسـتۆتەسـەر هێزو توانای سـەربازی هەندێک لەمیرنشـینە کوردییەکان، بەجۆرێک باس لەوەدەکات کاتێک حکومەتی ئێران پەیوەندی لەگەڵ میرنشـینی هەکاری تێکچوو، لەسـاڵی ١٨١٠ شازادەی جێنشین[ولي عهد]ی ئێران ٢٠ هەزار سەربازی نارد بۆ سەرکوتکردنی ئەو میرنشینە کە مستەفا بەگ سەرکردایەتی دەکرد، لەکاتێکدا سوپای مستەفا بەگ تەنها لە ١٢ هەزار مەسیحی (نەستوری) و (٢) هەزار کورد پێکهاتبوون، سەرباری ئەوەی ئەو میرنشینە هێزی تۆپخانەشی نەبوو، بەڵام هێندە سەرسەختانە لەشارێکی بچوکی سـەر سـنوور بەرگریانکرد، هێزەکانی ئێران بێ ئەوەی بتوانن یەک هەنگاو لەناوچەکەی داگیربکەن، بەناچاری پاشەکشەیان کرد (دروویل، ١٣٦٥ هـ.ش، ١١٨). ئەمەش بەو مانایە دێت، کە سـەرباری ئەوەی حکومەتی ئێران لەڕووی هێزی سـەربازی و پێداویسـتی جەنگییەوە تۆکمەترو بەتواناتربوون لەچاو هێزی میرنشـینی هەکاری بەسەرۆکایەتی میر مستەفا بەگ، بەڵام نەیانتوانی لەو شەڕەت کە لەوساڵەدا لەگەڵیان بەرپاکرد، شـکستیان خوارد و ناچار بوون پاشـەکشـە بکەن، ئەمەش لێهاتوویی هێزی میرنشـینی هەکاری دەردەخات لەڕووی هونەری جەنگییەوە، ئەگەرچی ژمارەیان کەمتر بووە، بەرامبەر بەسوپای ئێران.

لەلایەکی تریشیەوە دڕۆڤێل باسی لەیەکێک لەعەشیرەتەکانی کورد کردووە، کە لەبواری سـەربازییدا بەشـێوەیەکی گشـتی لەهەموو عەشـیرەتەکانی ژێر دەسـەڵاتی شازادە بەتواناتر بوون، ئەویش عەشیرەتی (بێلان)ـە، بەڵکو پێی وابوو ئەوانیتر بەکەڵکی جەنگ نەدەهاتن، ئەو عەشیرەتە لەدەشتاییەکی بەرفراوانی بناری زنجیرە چیای زاگرۆس نیشتەجێ بوون، کە لەبەشی باکوور بۆ باشوور درێژ ببۆوەو هەردوو ناوچەی (سەڵماس و ورمێ) لەو دەشتانە جیا کردبۆوە، ئەو عەشیرەتە پێشتر سەر بەهۆزی (هەکاری) بوو، بەڵام میری هەکاری کە فەرمانڕەوایی ناوچەی هەکاری دەکرد و لە کوێسـتانەکان نیشـتەجێ بوو، بەهۆی وەرگرتنی باج و سـەرانەی زۆر لەدانیشـتوانی ناوچەکە، بووە هۆی سـەرهەڵدانی نارەزایی دژ بەدەسـەڵاتی میری هەکاری، بەمەش عەشـیرەتی بێلان بەسـەرۆکایەتی کەسـێک بەناوی (ئیسـماعیل بەگ) توانی خەڵکی ناوچەکانی

(سەلماس و ورمێ) لەدەوری خۆی کۆبکاتەوەو لەدژی میری هەکاری ڕاپەڕێت و خۆی بخاتە پاڵ شازادەی جێنشین، ئەویش ناوبراوی وەکو میری عەشیرەتی بێلان ناساند، بەو مەرجەی ئەو عەشیرەتەش خۆیان بە هاووڵاتی ئێرانی دابنێن و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی شاو شازادەی ئێران بن (درووویل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣١٨ – ٣١٩).

ئیسماعیل بەگ دوای جیابوونەوەی لەهۆزی هەکاری قەڵایەکی بەهێزی لەسەر چیای زگرۆس دروستکرد، کە بەهۆیەوە توانی ناوچەکانی دەوروبەری بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی، گومانی تێدانییە کە ئەو هەنگاوەی ناوبراو بووە مایەی نیگەرانی میری هەکاری، بەمەش دەبینین دواتر پەلاماری ئەو عەشیرەتە دەدات، بەڵام بەهۆی لێهاتوویی هێزی سەربازی عەشیرەتی بێلان، میری هەکاری سەرکەوتوو نەبوو لەگرتنی ناوجەکانی ژێر دەستی عەشیرەتەکە، هێزەکەی بەتێکشکاوی گەڕایەوە بۆ ناوچەکەی خۆی کە یەکێک لە کوڕەکانی میری هەکاری بەناوی (باباخان) سەرکردایەتی هێرشەکەی دەکرد (درووویل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣١٩). ئەم عەشیرە بەهۆی ئەو هێزو توانا سەربازییەی کە هەیبوو، توانی لەماوەی چەند ساڵێکدا ببێتە یەکێک لەعەشیرەتە دەوڵەمەندو بەهێزەکانی ئێران، بەجۆرێک لەکاتی جەنگدا (١٥) هەزار سەربازی بەتەواوی پێداویستی سەربازییەوە ئامادە دەکرد، هەرکاتێک لەدەرەوەی سنووری خۆیان بچووبانایە بۆ جەنگ، موچەو پاداشتێکی باشیان لە شای ئێران وەردەگرت. (درووویل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣١٩ – ٣٢٠).

٤. ٣. پەیوەندی نێوان کورد و نەستورییەکان، یاخود بەشداری نەستورییەکان لەسوپای میرنشینەکان: هەرچەندە درۆڤێل کاتێک دەچێتە سەرباسی یەکێک لەو کەمینە ئاینیانەی کە لەکوردستان لەپاڵ کورددا ژیاون، باس لەوە دەکات کەوا کوردەکان زوڵم و ستەمیان لێدەکردن و ئەوانیش ناچار بوون خۆیان ڕابگرن، هەروەها لەدرێژەی باسەکەیدا کە زیاتر هاندانی پێوەدیارە ئاماژە بەوە دەکات، نازانێ بۆچی ئەو کەمینە ئاینیە هەوڵیان نەداوە لەژێردەسەڵاتی کوردەکان ڕزگاریان بێت، بەڵام کاتێک نوسینەکانی ناوبراو دەخوێنینەوە بۆمان دەردەکەوێت کەوا ئەو نەتەوەیە بەشێوەیەکی ئاشتیانە لەپاڵ کوردەکاندا ژیاون و ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بەسەر بردووەو هەستیان بە ئاسوودەیی کردووەو تەنانەت بەشێکی زۆری سوپای یەکێک لەمیرنشینە کوردییەکانیان پێکهێناوە، ئەوانیش (نەستورییەکان[١٦]).

درۆڤێل لەسەرەتادا چۆتە سەرباسی ئەوەی کە نەستورییەکان بەپێچەوانەی ئەرمەنییەکان خەڵکانێکن زۆر بایەخ بە بازرگانی نادەن، بەڵکو ئەوان تەنها لە هونەری جەنگیدا

بەتواناو لێهاتوون، تەنانەت کوردەکان بۆ پاراستنی ناوچە شاخاوییەکانی خۆیان سوود لە بەتواناترین جەنگاوەرەکانی ئەوان وەردەگرن، سەرباری ئەوەی لەئەیالەتی هەکاری ژمارەیەکی زۆر نەستوری لەپاڵ کوردەکان ژیاون، بەجۆرێک نزیکەی (٤٠) هەزار سەربازی نەستوری لەڕیزی سوپای ئەو میرنشینە خزمەتیان دەکرد، لەکاتێکدا میری هەکاری چوار پێنج هەزار سەربازی کوردی لەژێر دەسەڵاتدابوو (دروویل، ١٣٦٥هـ.ش، ١١٧). لەم بارەیەوە گەڕیدەی ئیتاڵی پێترۆ دێلاڤالێ کە دوو سەدە بەر لەدرۆڤێل سەردانی ئێرانی کردبوو، دەڵێت:"لەناوچە کوێستانییەکان، کە ئەیالەتەکانی ئەوێ لەلایەن خان[بەگ]ەکانی کوردەوە بەڕێوە دەبردرێت، لەوێ، لاوانی نەستوری بۆ بواری سەربازی سوودیان لێوەردەگیرێت (دلاواله، ١٣٧٠هـ.ش، ٧). ئەمەش دەرخەری ئەوەی کە نەستورییەکانی هاوشێوەی کوردەکان جەنگاوەری ئازاو بەتوانا بوونە.

سەرباری ئەوەش درۆڤێل پێی وایە سەربازەکانی میرنشینی هەکاری کەسانی لەخۆباییین و هەموویان خۆیان بە ئاغا [واتە خۆیان بەگەورە] دادەناو زوڵم و ستەمیان لەنەستورییەکان دەکرد و باج و سەرانەیان بەزۆر لێیان وەردەگرتن، بۆیە نەستورییەکان تەنها پێویستیان بەسەرکردەیەکی بەتوانا هەبوو بۆ ئەوەی لەژێر زوڵم و ستەمی کوردەکان ڕزگاریان بکات ، تەنانەت میری هەکاری کەناوی (مستەفا بەگ[١٧])بوو، بەهۆی ئەوانەوە ببووە خاوەن هێزو دژایەتی ئێران و تورکیا [عوسمان]ی دەکردو میرنشینە کوردییەکانی دەوروبەری هەرێمەکەشی ناچارکردبوو ملکەچی بن (دروویل، ١٣٦٥هـ.ش، ١١٧). لەڕاستیدا ناتوانرێ نکۆڵی لەوەبکرێت کە ڕەنگە لەهەندێ شوێندا هەندێک لە کوردەکان ستەمیان لەنەستورییەکان کردبێت، بەڵام ناکرێت ئەو بۆچوونەی درۆڤێل بەسەر هەموو کورددا گشتاندنی بۆ بکرێت، چونکە درۆڤێل هەر بەخۆی لەشوێنێکی تردا باس لەوە دەکات کە میرو سەرکردەکانی کورد زۆر ڕێزیان لە قەشە [ڕەبەن]ەکانی نەستورییەکان و گەورەکانی ئەوان گرتووە، تەنانەت نەستورییەکان بۆ ئەوەی لەدوژمنەکانیان پارێزراوبن جل و بەرگ و پۆشاکی کوردیان لەبەردەکرد و هاوشێوەی ئەوان چەکداری و سوارچاکیان دەکرد (درووویل١٣٦٥هـ.ش، ١٢٠).

لەم بارەیەوە یەکێک لە ئەفسەرانی سیاسی بەریتانی و نێردەی تایبەتی کۆمپانیای (هیندی ڕۆژهەڵاتی) کە لەنێوان ساڵانی (١٧٩٩ – ١٨١٢) لە سێ ماوەی جیاوازدا سەردانی ئێرانی کردبوو، لەبیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێت:"هۆزی هەکاری کە لە کوێستانی ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێ تاکو دەروبەری سەڵماس [لەڕۆژهەڵاتی کوردستان] نیشتەجێن، لەپێش هەموو هۆزەکانی ئاسیا ئازادی خۆیان بەدەستهێناوەو پاراستووە... میرەکانی ئەو هۆزە ڕێز لە بێ نەواترین [هەژارترین] ئەندامانی هۆزەکەیان دەگرن" (ملکم، ج٢،

١٣٨٠هــش، ٧٥٦). دەكرێت بڵێین ئەمەش دەرخەری ئەوەیە كە میرنشینی هەكاری ڕێزی لەژێردەســـتەكانی خۆی (ڕەعیەت) گرتووە، هەربۆیە نەســـتورییەكان ئامادە نەبوونە لەو میرنشـــینە هەڵبگەڕێنەوەو دژایەتی بكەن، لەكاتێكدا ژیان و ماڵیان پارێزراوبووە. ســـەرباری ئەوەی دەردەكەوێت بەهۆی ئەو هێزو توانایەی بەگی هەكاری هەیبووە، لەڕووی ســـەربازییەوە، توانیویەتی ناوچەكانی دەورووبەری هەرێمەكەی بخاتە ژێر ڕكێفی خۆی و میرو فەرمانڕەواكانی ناوچەكانی دەورووبەری ناچار بكات ســـەر بۆ دەســـەڵاتەكەی دانوێنن. لەلایەكی دیكەشـــەوە بەپێی گێڕانەوەی درۆڤێل دەردەكەوێت، كە نەســـتورییەكان هەســـتیان بەئاســـوودەیی نەبوونی جیاوازی ئایینی و نەتەوەیی پارێزراوی كردووە لەپاڵ كوردەكان، بۆیە هاوشـــێوەی كوردەكان جل و بەرگیان پۆشـــیوەو هاوشێوەی ئەوانیش چەكدارو سوارچاكیان كردووە، بۆیە ئەگەر كوردەكان ستەمكارو توندڕەوبان، ڕێزیان لەسەركردەكانیشیان نەدەگرت و ڕەنگە لێنەگەڕابانایە پۆشاكی ئەوان لەبەربكەن و لەناوچەكانیشیان بەئازادی چەك هەڵبگرن.

جێگەی ئاماژەیە، ئەگەرچی درۆڤێل بۆ ماوەیەكی كەم كە تەنها ســـاڵێك لەوڵاتی ئێران مابۆوە، بەڵام ئەو زانیارییانەی لەبارەی داب و نەریتی كۆمەڵایەتی و شێوازی ژیان و زمان و ئایین و شـــوێنی نیشـــتەجێبوونی هۆزەكان و پەیوەندییە ســـیاســـی و ئابوورییەكانیان لەگەڵ یەكتری و نەتەوەكانی ترو حكومەتی ئێرانیش، جیگەی بایەخە، هەرچەندە هەندێك لەزانیارییەكانی وردنین، یاخود لەهەندێك شـــوێندا زیاد لەپێویســـت توندڕەوی پێوەدیارە بەرامبەر بەكورد، بەڵام دیســـان زانیارییەكانی ئەو ســـەرچاوەیەكی گرنگن بۆ ئاشـــنابوون لەشـــێوازی ژیانی كۆمەڵگەی كوردەواری لەڕۆژهەڵاتی كوردستانی سەرەتای سەدەی هەژدەهەم.

**٨. دەرئەنجامەكان:**

- هاتنی ژمارەیەكی زۆر لەنێردەی سـیاسـی و سـەربازی و گەڕێدەو وڵاتناسـی بیانی بۆ كوردسـتان، لەئەنجامی ململانێی نێوان عوسـمانییەكان و ئێرانییەكان، كەئەمەش دەرفەتی لەبەردەمیان ڕەخســـاندووە لێكۆڵینەوە لەبارەی داب و نەریت و زمان و پێكهاتەی نەتەوەیی و هەڵكەوتەی جوگرافی كوردستان بكەن.
- درخســـتنی پەیوەندی نێوان كوردو نەتەوە جیاوازەكان و حكومەتی ئێران، بەتایبەتی نەســـتورییەكان و شـــێوازی ژیانیان لەپاڵ كورددا و خزمەتكردنیان لەڕیزی ســـوپای میرنشینە كوردییەكان.

- لێهاتوویی و جەنگاوەری و ســوارچاکی کوردەکان لەبواری ســەربازی و لەمەیدانی شــەڕەکاندا، ســەرباری ئەوەی ئەوان هێزی ناســەربازی و عەشــایری بوون، بەراورد بە نەتەوەکانی تر بەتواناترو ئازاتربوون.
- تواناو هێزی میرنشــــینە کوردییەکان و ناوچەکانی ژێر دەســــەڵاتیان، ببووە هۆی بێزاربوونی هەردوو دەوڵەتی ئێرانی و عوسمانی.
- ڕۆلی ئافرەت و لەکۆمەڵگەی کوردی و ئازادی و دەســـت ڕەنگینی ئافرەتانی کورد، بەراورد بەنەتەوەکانی دیکەی هاوســـێی کورد، لەڕووی ژیانی هاوســـەرگیری و بەڕێوەبردنی خێزانەوە.
- سادەیی و ژیانی کۆچ نشینی لەناو کورددا، یەکێک لەدیارترین تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بوو لەســـەدەی هەژدەهەم، کە زۆرێک لەهۆزو عەشـــیرەتە کوردییەکان بەشـــێوەی ژیانی کۆچەری ژیاون و خەریکی بەخێوکردنی مەڕومالات بوون.
- ململانێی نێوان هۆزو عەشـــیرەتە کوردییەکـــان و بەکـــارهێنـــانیـــان لەلایەن داگیرکەرانی کوردســـتانەوە، لەدژی یەکتری لەنمونەی ئەو باســـانەن، کە درۆڤیل ئاماژەی پێداوە.

**٩. پەراوێزەکان:**

(١) سـکتییەکان: یەکێک بوون لەنەتەوە کۆنەکان، ئەو نەتەوەیە هاوسـنووری ئاشـوورییەکان بوون لەباکوور، ناوچەکەیان دەکەوتە باکووری ورمێ، ئەو نەتەوەیە نیمچە کۆچەر بوون، لەڕووی سەربازییەوە پەیوەندی بەهێزیان لەگەڵ ئاشوورییەکاندا هەبوو، ماوەیەکیش لەگەڵ ماددەکان هاوپەیمان بوو، لەڕووی زمانیشـەوە هاوزمانی ماددەکان بوون، لەماوەی نێوان (٦٧٤ – ٦٢٥پ.ز) فەرمانڕەوایی بەشێک لەرۆژهەلاتی کوردستانی ئێستایان کردبوو. (دیاکونوف، ١٣٤٥هـ.ش، ٣٤٦ – ٣٦١).

(٢) لەڕاســـتیدا گەڕیدەو ولاتناســـەکان کەســـەردانی ئێرانیان کردووە، لەم بارەیەوە بۆچوونی جیاوازیان هەیە، لەوانە: نێردەیەکی سیاسی ناپلیۆن بۆ ئێران لەساڵی ١٨٠٧ بەناوی بێن تان، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێت:"کاتێک سـنووری دەوڵەتی عوسـمانیمان بڕی، ڕێبەرەکەم دەستی کرد بە تانە دان لەدەوڵەتی عوسمانی و بەمنی گووت لەئێران ژیانێکی زۆر خۆش و ئاســـوودە چاوەڕێت دەکات، بەڵام بۆم دەرکەوت کە ئێرانییەکان چەند درۆزنن" (بن تان، بیتا ، ٥٤). هەروەها گەڕیدەیەکی بەریتانی بەناوی (لایارد) کە لەســـاڵی ١٨٤٠ ســـەردانی

ئێرانی کردبوو، لەباسـی خوڕەوشـتی ئێرانییەکان، دەڵێت:"ئێرانییەکان بە بەردەوامی درۆ دەکەن" (لایارد، ١٣٦٧هـ.ش، ٣٤٠).

(٣) جێگەی ئـامـاژەیە درۆڤێل لەکۆی ئەو هەموو عەشـیرەت و هۆزە کوردانەی کە لەناوچە جیاوازەکانی ئێران نیشـتەجێ ببوون، تەنها ناوی چوار عەشـیرەتی هێناوە. بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی هۆزو تیرەو عەشـیرەتەکانی جیاوازەکانی کورد لە سـەرجەم ناوچە جیاوازەکانی ئێران بڕوانە: (ایغلتون، ٢٠٠٥، ٧٣ – ١٠٦؛ سایکس، ٢٠٠٧، ٢٩ – ٩٩؛ میرنیا، ١٣٦٨هـ.ش، ١٤ – ١٣٣).

(٤) لەڕاسـتیدا ئەو زانیارییە دوورە لەڕاسـتییەوە، چونکە کوردسـتان کە لەدوای جەنگی چالدێران کە لە ٢٣ی ئابی ١٥١٤ لەنێوان هەردوو دەوڵەتی عوسـمانی و سـەفەوی ڕوویدا، کوردسـتان کوردسـتان و هۆزو عەشـیرەت و میرنشـینە کوردییەکانیش بەسـەر ئەو دوو دەوڵەتەدا دابەش بوون، ئەم دابەش بوونە لەدوای ڕێککەوتننامەی زەهاو کە لەسـاڵی ١٦٣٩ لەنێوانیاندا بەسترا، زیاتر قوڵبۆوەو بەفەرمی کوردستان لەنێوان ئێران و دەوڵەتی عوسمانی دابەشـکرا، بۆیە بەشـە گەورەکەی کوردسـتان کەوتە ژێر دەسـەڵاتی عوسـمانی و بەشـە بچوکەکەی کوردستانیش کەوتە ژێر دەسـەڵاتی ئێران، بەڵام گومانی تێدانییە کە هۆزو عەشـیرەت و میرنشـینە کوردییەکانیش بەدرێژایی ماوەی نێوان سـاڵانی (١٥١٤ – ١٨٥١) بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان هەسـت کردنیان بەمەترسـی ئەو دوو دەوڵەتە هەرجارەو چوونەتە ژێرباری یەکێک لەو دوو وڵاتەوە. لەم بارەیەوە بڕوانە: (هروتي، ٢٠٠٨، ٣٩ – ٢٣٣)

(٥) لەسـەرچاوە مێژووییەکانی تایبەت بە مێژووی هۆزو عەشـیرەتە کوردییەکان، لەهیچ سـەرچاوەیەکدا هۆزێک بەناوی (بلبان) ناوی نەهاتووە، بەهۆی ئەوەی نووسـەر شـارەزایی تەواوی لەناوچە کوردییەکان نەبووە، بۆیە پێدەچێت مەبەسـت لە (بلبان) هۆزی گەورەی (بڵباس) بووبێت، کە یەکێک لەهۆزە گەورەکانی ناوچەکە بوو. لەم بارەیەوە بڕوانە: بڕوانە: (میرنیا، ١٣٦٨هـ.ش، ١٤ – ١٣٣).

(٦) لەسـەرچاوە فەرەنسـییەکەدا بەشـێوەی (Mehrvan) ناوی هاتووە. بڕوانە: (Drouville، 1825 ، 174)

(٧) ناوی تەواوی (پییێر ئامیدی ئیمیلیان پرۆب ژۆبر)ـە، لەنێوان ساڵانی (١٧٧٩ – ١٨٤٧)دا ژیاوە، ناوبراو یەکێک لە ڕۆژهەڵاتناسـە فەرەنسـییانە بوو، کە شـارەزایی لەزمانەکانی (عەرەبی، فارسـی، تورکی)دا هەبوو، هەروەها یەکەمین نێردەی سـیاسـی وڵاتی فەرەنسـاش بوو، کە لەلایەن (ناپلیۆن پۆناپارت)ـەوە لەساڵی ١٨٠٦دا ناردرایە ئێران بەمەبەستی دروستکردنی پەیوەندی سیاسی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوان: (دنبلی، ١٣٨٩هـ.ش، ٢٥٢ – ٢٥٤).

(٨) لەسەرچاوە مێژووییەکانی تایبەت بە هۆزو عەشیرەتەکانی کورد، کەسێک بەم ناوە، ناوی نەهاتووە کەسەرۆکی عەشیرەتی بێلان بووبێت، بەڵکو لەیەکێک لەسەرچاوە ڕەسەنەکانی تایبەت بەمێژووی هۆزی ئەفشــــار ناوی کەســــێکی هێنابوو، بەناوی (ئیســــماعیل بەگی شــــکفتی) کە ســــەرۆکی هۆزی (شــــکاک) بوو، بۆیە بەبڕوای ئێمە (ئیســــماعیل بەگی شکفتی شکاک) هەمان (ئیسماعیل بەگ)ە کە درۆڤێل ئاماژەی پێداوە، چونکە ناوچەی نیشــــتەجێ بوونی هۆزی شــــکاک و ئەو کەســــەی کە بەهۆزی بێلان ناوی بردووە هەمان ناوچەن، هەروەها (ئیســــماعیل بەگی شــــکفتی شــــکاک)یش بەهەمان شــێوە چۆتە ڕیزی شــــازدەی قاجارەکان (عەباس میرزا) پەیوەندییەکی باشــــی لەگەڵیدا هەبووەو لەدژی هۆزی هەرکی و چەند عەشیرەتێکی دیکەی کوردی جەنگاوەو پاداشتی مانگانەشی لەشازادی جێنشــین وەرگرتووە، هەروەها قەڵایەکی بەهێزیشــی لەســەر یەکێک لە لوتکە چیاکانی ناوچەکە بنیادناوە، بەڵام وەک دیارە ئەو پەیوەندییە تاکو ســــەر نابێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئیســــماعیل بەگ باج و ســــەرانە لەناوچەکانی دەورووبەری خۆی کۆ دەکاتەوە، دیارە ئەو هەنگــاوە نــاوبراو ببووە جێگەی نیگەرانی بەگلەربەگی ورمێ، بۆیە هێزێــک بەسەرۆکایەتی عەسکەرخانی ئەفشار دەنێرێتە سەری، لەکاتێکدا پەیوەندی خزمایەتیشی لەگەڵــدا هەبوو، دوای ئەوەی بەڵێنی پێــدەدەن کەوا گیــانی پــارێزراو دەبێــت و بەفێــڵ لەقەڵاکەی خۆی دەریدەهێنن، دەیکوژن (دنبلی، ١٣٨٢هــــــــ.ش، ٣٥٥ – ٣٥٦؛ ادیب الشــعرا، ١٣٤٦هـ.ش، ٣٦٦ – ٣٧٠).

(٩) فەتحعەلیشای قاجار (١٧٩٧ – ١٨٣٤)، ناوبراو برازای ئاغا محەمەد خانی دامەزرێنەری زنجیرە پادشایەتی قاجارەکان بوو، لەدوای مردنی ئەو بوو بەشای ئێران و وەک دووەم شای زنجیرەی پادشایەتی قاجارەکان تاجی پادشایەتی لەسەرنا. آشتیانی، ١٣٩٢هـ.ش، ٤٦٦، ٤٩٢ – ٤٩٣).

(١٠) جێگەی ئاماژەیە هەرچەندە ســەرچاوە ئێرانییەکان بۆ جیاکردنەوەی هۆزی گەورەی لوڕ لە کورد، دەڵێن کەوا کەریم خــانی زەنــد کورد نییەو لوڕە، بەڵام زۆرێــک لە ئێراننــاس و گەڕیدە مێژوونووسە ڕۆژئاواییەکان دانیان بەو ڕاستییەدا ناوە کە کەریم خانی زەند (١٧٥٠ – ١٧٧٩): ســەرۆکی عەشــیرەتی زەندی ســەر بە هۆزی لوڕی کوردی بووە، ماوەیەک لەڕیزی ســوپای نادرشــا خزمەتی کرد، دوای کوژرانی نادر توانی جڵەوی دەســەڵاتی ئێران بگرێتە دەست و خۆی بکات بەشای ئێران لەژێر ناوی (وکیل الرعایا)، لەدوای مردنی لەساڵی ١٧٧٩ بنەماڵەکەی تا ســاڵی ١٧٩٤ فەرمانڕەوایی ئێرانیان کرد و شــاری شــیراز پایتەختی وڵاتی ئێران بوو لەســــەردەمی ئەواندا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (نیکیتین، ١٣٦٦هــــــــ.ش، ٣٥٧؛ سافراستیان، ٢٠٠٥، ٦٣ – ٦٥)

(١١) ئاغا محەمەد خان (١٧٤٢ – ١٧٩٧): دامەزرێنەری زنجیرەی پادشــایەتی بنەماڵەی قاجارەکان بوو، ناوبراو کوڕی سەرۆک هۆزی قاجارەکان بوو، دوای کوشتنی باوکی لەلایەن یەکێک لەفەرمانەدەکانی کەریم خانی زەند، ئاغا محەمەد خانی خەســــاند و ناردی بۆ لای کەریم

خان، تا مردنی ناوبراو لەماڵی کەریم خان مایەوە، پاشـــان گەڕایەوە بۆ ناوچەکانی باکووری ئێران و لەدژی زەندەکان راپەڕی و توانی لەســـاڵی ١٧٩٤ کۆتاییان پێ بهێنێت و خۆی وەک شـای ئێران بناسـێنێت، لەدوای مردنی برازایەکەی بەناوی فەتحعەلیشـای قاجار چووە سەر تەخت (مار کام، ١٣٦٧هـ.ش، ١٩ – ٣١، ٣٣).

(١٢) عەباس میرزا (١٧٨٩ – ١٨٣٣): ناوبراو کوڕی سییەمی فەتحعەلیشای قاجار بوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی دایکی لەبنەماڵەی قاجارەکان بوو، لەلایەن باوکییەوە لەساڵی ١٧٩٩ کرایە شازادەی جێنشـــین و فەرمـانڕەوایی هەرێمی ئـازەربـایجـان پێـدرا، لەو مـاوەیەی کە فەرمـانڕەوای ئازەربایجان بوو، ئێران ڕووبەڕووی زنجیرە شەڕێک بۆوە لەگەڵ وڵاتی ڕوسیا لەماوەی ساڵانی (١٨٠٣ – ١٨١٢) و (١٨٢٦ – ١٨٢٨)، کە لەئەنجامدا بەشێکی بەرفراوانی ناوچەی قەفقاس و هەرێمی ئازەربایجانی لەدەســـتدا، ناوبراو بەر لەوەی باوکی کۆچیی دوایی بکات لەســـاڵی ١٨٣٣کۆچی دوایی کرد. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:(موسوی طبری، ١٣٥٣هـ.ش، ١٦ – ٢٢٣).

(١٢) هەندێک لەو شارانە ئێستا بەشێک نین لە وڵاتی ئێران، بەتایبەتیش شارەکانی (نەخچەوان و یەریڤان) و ســـەرجەم ناوچەکانی (قەفقاس)، کە ئێســـتا لەچەند وڵاتێک پێکدێت، چونکە ئێران ئەو ناوچانەی لەئەنجامی شـــکســـتی ســـەربازی لەبەرامبەر ســـوپای ڕوســـیا لەدەســـتدا، ئەو دوو جەنگەش لەســـاڵەکانی (١٨٠٣ – ١٨١٣) و (١٨٢٦ – ١٨٢٨) ڕوویاندا، سەرەنجام ئێران بەپێی پەیماننامەی گوڵستان لەساڵی ١٨١٣ و پەیماننامەی (تورکمانچای) کە لەســاڵی ١٨٢٨ بەســترا، دەســتبەرداری تەواوی ناوچەکانی قەفقاس بوو. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (مهدیان، ١٣٨٨هـ.ش، ١٣ – ١٦).

(١٤) ئەم ڕووداوە لەکتێبی (تاریخ افشـار) کە یەکێکە لەسـەرچاوە ڕەسـەنەکان و لەبارەی هۆزی (ئەفشـار) لەناوچەی (ورمێ) نووسـراوەتەوە، ڕووداوەکە بەشـێوەیە گێڕاوەتەوە، خەڵکی ورمێ زۆر ناڕازی بوون لە کۆکەرەوەی باجی ناوچەکە، بەهۆی ئەو ستەمەیان لێیانی دەکرد، بۆیە پیاوماقولان و بازرگانان و موڵکدارەکانی ناوچەکە لەشـــاری ورمێ چوونە لای نێردەی ڕوســـیا کە هاتبووە ناوچەکە عەباس میرزای جێنشـینیش لەگەڵی بوو، ســـکاڵای خۆیان گەیاندنە شـــازاد، ئەویش مەحمود خانی کۆکەرەوەی باجی گۆڕی و کەســـێکی تری بەناوی (فەتحعەلیخانی مازندەرانی) لەشـــوێنی دانا، بەڵام زۆری نەبرد کوردەکانی ناوچە سـنوورییەکان ڕاپەڕین، بۆ ئەو مەبەسـتەش (حوسـێنقولیخان)ی بەگلەربەگی ورمێ، لەدوای (جەژنی ڕەمەزان) هێزێکی بەسەرۆکایەتی (نەجەفقولیخان)ی کوڕی گەورەی خۆی نارد بۆ ناوچەکانی (ســـوڵدوز و ســـوڵتانیە) بۆ ســـەرکوتکردنی کوردەکان، بەڵام نەیتوانی بەســـەریاندا ســەرکەوێت، بەمەش هۆزی هەرکی توانیان بگەونە شـاری ورمێ، بەڵام دواتر لەلایەن هێزێکی هۆزی ئەفشـــار بەســـەرۆکایەتی کەســـێک بەناوی (فەتعلیخانی نوری) پەلاماری هۆزی هەرکی دەدات و بەسەریاندا سەردەکەوێت و ماڵ و سامانێکی زۆریشیان لێ بەتاڵان دەبەن، دواتریش (عەســـکەرخانی ئەفشـــار) بۆ ئارامکردنەوەی ڕەوشـــی ناوچەکە

دەنێردرێتەوە هەرێمەکە (ادیب الشعرا، ١٣٤٦هــــ.ش، ٣٦٣ - ٣٦٥). ئەمەش بەو مانایە دێت کەوا کاربەدەســـتانی ئێرانی لەناوچە کوردییەکان زوڵم و ســـتەمی زۆریان لەکوردەکان کردووەو باج و سەرانەی زۆریان لییان وەرگرتووە، بۆیە ئەوانیش ڕاپەڕیون.

(١٥) عەســـکەرخانی ئەفشـــار، لەبنەماڵەیەکی ســـەربازی لەشـــاری (ورمێ/ ئورومیە) لەدایک ببوو، هەربۆیە بە عەســـکەرخانی (ئورومی)ش ناســـرابوو، لەماوەی ژیانیدا زۆر پۆســـتی ســـیاســـی و ســـــەربـازی وەرگرتبوو، لەوانەش یەکەمین نوێنەری ســــیاســــی ئێران بوو لەپـاریس، بۆ مـاوەیەکیش فەرمـانڕەوای ورمێ بوو، لەســــاڵی ١٨٨٣ کۆچی دویی کردووە. (بـامـداد، ج٦، ١٣٥٧هـ.ش، ١٥٣ – ١٥٤).

(١٦) مارک سایکس نوێنەری کۆمپانیای هندی ڕۆژهەڵاتی و ئەفسەری سیاسی بەریتانی لەئێران و هیند، دەڵێت"نەســـتورییەکانی هەکاری، کوردەکان پێیان وایە بەشـــێکن لەوان، بەڵام نەســـتورییەکان پێیان وانییە بشـــێک بن لەکوردەکان، بەڵام من پێم وایە هەردوو بۆچوون هەندێک ڕاســـتی تێدایە، ئەویش نەســـتورییەکان لەو مەســـیحیانەبن کە لەکاتی هاتنی ئیســـلام پەنایان بردۆتە بەر کوردکان لەناوچەی هەکاری". بڕوانە: (ســـایکس، ٢٠٠٧، ٣٠). هەروەها یەکێک لەتوێژەران پێی وایە کە، نەستوری ڕێبازێکی ئایینیە لەئایینی مەسیحی، بەڵام سەر بەکەنیسەی کاسۆلیک نییەو دامەزرێنەرەی ئەو ڕێبازە کەسێکە بەناوی (باوکە نەســـتوریۆس)، بەڵام بەهۆی بیروباوەڕی تایبەت بەخۆی لەبارەی مەســـح، لەســـاڵی ٤٥١ بەهەڵگەڕاوە لەئایینی مەسیحی لەقەڵەم درا، شوێنکەوتووانی لەناوچەی موسڵ پەیداکرد. (حسن، ٢٠١٧، ٢٧٣).

(١٧) لەبارەی ئەو میرەی میرنشینی هەکاری، یەکێک لەسەرچاوە ڕەسەنەکان باسی ئەو میرەی کردووە، کە لەســـاڵی ١٨١٩ بەهاوکاری عوســـمانییەکان دەســـتی بەســـەر قەڵای (ئالباغ) داگرت، کە کەوتبووە نێوان هەردوو شـــاری (ورمێ و ســـەڵماس)، ئەویش باجی لەو کاروانە بازرگانیانە وەردەگرت کە بەناوچەکەدا تێپەڕدەبوون، بۆیە دەوڵەتی ئێران هێزێکی گەورە بەســـەرۆکایەتی (حوســـێقولیخان)ی بەگلەربەگی ورمێ ناردە ســـەری و گەمارۆیاندا، دوای ئەوەی ئازوقەو خۆراکی تەواوبوو، مســـتەفا بەگ بەناچاری خۆی ڕادەســـتی هێزەکانی ئێران کرد و بەدەستبەسەرکراوی ڕەوانەی تەورێز کرا (ادیب الشعرا، ٣٤٦هــ.ش، ٣٧١ – ٣٧٣). لەم مێژووە بەدواوە لەسەرچاوەکان ناوی مستەفا بەگ نایەت کەچی بەسەرهاتووە.

## ١٠. لیستی سەرچاوەکان:

یەکەم یادداشت و بیرەوەرییەکان:


- ادیب الشعرا. میرزا رشید. (١٣٤٦ه.ش)، تاریخ افشار بانضمام قیام شیخ عبیدالله، بەتصحیح و اهتمام: پرویز شهریار افشار و محمود رامیان، انتشارات شورای مرکزی جشن ملی ٢٥٠٠ ساله آذربایجان غربی، تبریز.
- دنبلی. عبدالرزاق بیک، (١٣٨٩هـ.ش)، مآثر السلطانیه، تصحیح و تحشیه: غلامحسین زرگری نژاد، چ٢، مؤسسه انتشارات روزنامه ایران، تهران.
- ملکم. جان. (١٣٨٠هـ.ش)، تاریخ کامل ایران، ت: میرزا اسماعیل حیرت، ج٢، انتشارات افسون، تهران.
- مهدیان. محمد حسن. (١٣٨٨هـ.ش)، برگهای خاطرات (نگاهی به روابط ایران و روسیه)، مرکز چاپ و انتشارات وزرات امور خارجه، تهران.


### دووەم سەفەرنامەکان:

١. وەرگێڕدراو بۆ فارسی:


- اولویه. سفرنامه، (١٣٧١هـ.ش)، تاریخ اجتماعی – اقتصادی ایران در دوران آغاز قاجاریه، ت: محمد طاهر میرزا، تصحیح و حواشی: د.غلامرضا ورهرام، انتشارات اطلاعات، تهران.
- بارنز. استوان آلکس. (١٣٧٣هـ.ش)، سفرنامه بارنز (سفر به ایران در عهد فتحعلی شاه قاجار)، ت: حسن سلطانی فر، چ٢، مؤسسه انتشارات استان قدس رضوی، مشهد.
- بایندر. هانری. (١٣٧هـ.ش)، سفرنامه هنری بایندر کردستان و بین النهرین، ت: کرامت الله افسر، انتشارات فرهنگسرا، تهران.
- بن تان. اگوست. (بیتا)، سفرنامه اگوست بن تان، ت: منصوره اتحادیه نظام مافی، کتابخانه مجموعه فرهنگی و مذهبی تخت فولاد، بیجا.
- درووبل. گاسپار. (١٣٦٥هـ.ش)، سفر در ایران، ت: منوچهر اعتماد مقدم، چ٢، انتشارات شباویز، تهران.
- دلا واله. پیترو. (١٣٧هـ.ش)، سفرنامه پیترو دلا واله، ت: شجاع الدین شفا، انتشارات علمی و فرهنگی، تهران.
- دوگوبینو. کنت، سفرنامه کنت دوگوبینو سه سال در ایران (١٨٥٥ – ١٨٥٨)، ت: عبدالرضا هوشنگ مهدوی، نشر قطره، تهران.
- ژوبر. پ. آ. (١٩٤٢)، مسافرت بایران و ارمنستان، ت: محمود هدایت، شرکت چاپخانه تابان، تهران.
- لایارد. سر اوستن هنری. (١٣٦٧هـ.ش)، سفرنامه لایارد یا ماجراهای اولیه در ایران، ت: مهراب امیری، انتشارات وحید، بیجا.

٢. بەزمانی ئینگلیزی:

1- Kinneir. John Macdonald. (1813), A Geographical Memoir of the Persian Empire, Printed for John Murray, Albemarlestreet، London.

٣. بەزمانی فەڕەنسی:

Drouville. Par Gaspard, (1825), Voyage En Perse Faiten 1812 ET 1813, Second Edition, Paris.

سێیەم: سەرچاوەکان:

١- وەرگێڕدراو بۆ زمانی کوردی:

- سافراستیان. ئارشاک. (٢٠٠٥)، کورد و کوردستان، و: ئەمین شوانی، چ٢، دەزگای ئاراس، هەولێر.
- مینۆرسـکی. ڤلادیمیر. (٢٠٠٦)، مینۆرسـکی و کوردەکان، و: ئەنوەری سـوڵتانی، چ٢، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

٢- بەزمانی فارسی و وەرگێڕدراو بۆ فارسی:

- آشتیانی. عباس اقبال. (١٣٩٢هـ.ش)، تاریخ ایران از صدر اسلام تا انقراض قاجاریه، چ٢، انتشارات دبیر، تهران.
- بامداد. مهدی. (١٣٥٧هـ.ش)، شرح حال رجال ایران در قرن ١٢و ١٣و ١٤ هجری، چ٢، کتابفروشی زوار شاه آباد، تهران.
- دیاکونوف. ا. م. (١٣٤٥هـ.ش)، تاریخ ماد، ت: کریم کشاورز، انتشارات بنگاه نشر کتاب، تهران.
- شرفکندی. د.صادق. (١٣٩٢هـ.ش)، تاریخچە جنبشهای ملی کرد از قرن نوزدهم تا پایان جنگ جهانی دوم، چ٢، کمیتە انتشارات اتحادیە دانشجویان دمکرات کردستانایران، اربیل.
- مار کا. کلمنت. (١٣٦٧هـ.ش)، تاریخ ایران در دوره قاجار، ت: میرزا رحیم فرزانە، انتشارات نشر فرهنگ ایران، بیجا.
- میرنیا. سید علی. (١٣٦٨هـ.ش)، ایل ها و طایفەهای کرد ایران، مؤسسە آموزشی و انتشارات نسل دانش، تهران.
- نجمی. ناصر. (بیتا)، ایران در میان طوفان یا شرح زندگانی عباس میرزا نایب السلطنە و جنگهای ایران و روس، انتشارات کانون معرفت، گیلان.
- نفیسی. سعید. (١٣٨٤هـ.ش)، تاریخ اجتماعی و سیاسی ایران در دوره معاصر، انتشارات آهورا، تهران.

- نیکیتین. واسیلی. (١٣٦٦هـــ.ش)، کرد و کردستان، ت: محمد قاضی، چ٢، انتشارات نیلوفر، تهران.


٣- بەزمانی عەرەبی و وەرگێڕدراو بۆ عەرەبی:


- احمد. جمال رشيد و فوزي. رشيد (١٩٩٠)، تاريخ الكرد القديم، جامعة صلاح الدين، اربيل.
- ايغلتون. ويليام. (٢٠٠٥)، القبائيل الكردية، ت: د.احمد محمود خليل، د. ط، د. م. ط.
- حســــن. د.نزار ايوب. (٢٠١٧)، امارة هكاري في العهد العثماني (١٥١٤ – ١٨٤٩)، دار سپيرێز، دهوک.
- ســــايكس. مارک. (٢٠٠٧)، القبائيل الكردية في الامبراطورية العثمانية، ت: ا. د. خليل علي مراد، دار الزمان للطباعة والنشر، دمشق- سوريا.
- العزاوي. المحامي عباس. (١٩٤٧)، عشـــائر العراق، العشـــائر الكردية، ج٢، مطبعة المعارف، بغداد.
- هروتي. الدكتور سعدى عثمان. (٢٠٠٨)، كوردستان والامبراطورية العثمانية، مطبعة خاني، دهوک.


چوارەم: گۆڤار بەزمانی فارسی:


- اکبرزاده. علیرضا. (دی و بهمن ١٣٨٤هـــ.ش)، سیری در سفرنامه گاسپار درووڤیل، کتاب ماه تاریخ و جغرافیا، شماره ٩٩ و ١٠٠.

## المجتمع الكوردي في وجهة النظر الظابط الفرنسي غاسبار دروفيل مابين السنوات (١٨١٢ – ١٨١٣).

**الملخص:**

حظيت الكرد كأحدى المكونات القومية والعرقية الرئيسية في الشرق الأوسط، على مر التاريخ، موضع اهتمام المستكشفين والوطنيين الأجانب، لأن معظم المستكشفين والوطنيين الذين زاروا مناطق كل من الدولتين العثمانية والإيرانية لأغراض مختلفة (سياسية ، اقتصادية ، عسكرية ، استخباراتية ، دينية ، علمية) التقوا بالأكراد عن كثب ، كأمة ذات تقاليد ولغات مختلفة. بعد دراسة أمم المنطقة، وجدوا أن الكرد أمة لها خصائصها الخاصة ومن نواح كثيرة كانوا مختلفين عن الفرس والعرب والأتراك، وشعروا بوضوح بالاختلافات بين الأكراد وهذه الأمم، من حيث جنسيتهم ونمط حياتهم ولغتهم وتقاليدهم الاجتماعية وعلاقاتهم الأسرية. لذلك عندما سجلوها في ذاكرتهم وذكرياتهم وبعد عودتهم إلى بلدانهم تحت اسم "السياحة - سفرنامة" نشروا مذكراتهم في كردستان وعلاقاتهم مع الأكراد في كتبهم.

تركز الدراسة على الجوانب الاجتماعية للمجتمع الكردي، في نظر الضابط الفرنسي غاسبار دروفيل، الذي زار إيران عام ١٨١٢ على متن وفد عسكري فرنسي وبقي هناك حتى عام ١٨١٣. خلال الفترة التي قضاها في إيران ، عمل كضابط في تدريب الجيش الإيراني ، الذي كان في حالة حرب مع روسيا في ذلك الوقت.

على الرغم من أن غاسبار دروفيل حاول أن يدرس عن كثب التقاليد الاجتماعية للمجتمع الإيراني بشكل عام خلال هذه الفترة ، ولكن نظرا لأن جزءا من أراضي كردستان والأمة الكردية كانت تحت السيطرة الإيرانية بعد حرب جالديران (١٥١٤) ، فقد ذكر الأكراد داخل حدود إيران ومنطقة أذربيجان على وجه الخصوص. لأنه خلال إقامته في إيران ، كان في الغالب في المناطق الشمالية من إيران وأذربيجان. لا شك أن درويل وصف في كتابه المترجم "السفر في إيران" العديد من الجوانب المهمة والخفية للمجتمع الكردي في العقد الأول من القرن ١٩، والتي لم يرد ذكرها في مصادر أخرى، ويمكن تفسير ذلك من خلال هذا البحث.

هذا البحث تتناول الحديث عن المجتمع الكردي من خلال جوانب مختلفة مثل نمط الحياة، والتقاليد الاجتماعية، والغذاء، والملابس، والعلاقات الأسرية، وحياة

المهاجرين، والحياة شبه المهاجرة، واللغة، وطرق قضاء الوقت بين المجتمع الكردي وبعض الأقليات الكردية، وعلاقتهم بكل من الدولتين العثمانية والإيرانية، والبنية العسكرية الكردية، وكيفية مشاركتهم في الحروب، والعلاقة بين نساء ونساء المجتمع الكردي في شرق كردستان والحدود الجغرافية لكردستان في العقد الأول. تم وصف القرن ١٩ في سلسلة من الموضوعات مقارنة بالمصادر الكردية الأخرى التي زارت كردستان قبل وبعد زيارة درويل.

**الكلمات الدالة:** *الكورد، كوردستان، المجتمع الكوردي، غاسبار دروفيل، العادات و التقاليد.*

## The Kurdish Society from the prospective of the French officer Gaspard Drouville, during the years (1812 - 1813)

**Abstract:**

Kurdistan as a Kurdish nation and Kurds as one of the main national and ethnic components of the Middle East, throughout history, has always been of interest to foreign explorers and patriots, because most of the explorers and patriots who visited the regions of both the Ottoman and Iranian states for different purposes (political, economic, military, intelligence, religious, scientific) have met the Kurds closely, as a nation with different traditions and languages. After studying the nations of the region, they found that the Kurds were a nation with their own characteristics and in many ways they were different from the Persians, Arabs and Turks, and they clearly felt the differences between the Kurds and these nations, in terms of their nationality, lifestyle, language, social traditions and family relations. So when they recorded it in their memories and memories and after returning to their countries under the name "Tourism- Safarname", they published their memoirs in Kurdistan and their relations with the Kurds in their books.

The study focuses on the social aspects of Kurdish society, in the eyes of A French officer Gaspard Drouville, who visited Iran in 1812 on a French military delegation and remained there until 1813. During his time in Iran, he trained as an officer of the Iranian army, which was at war with Russia at the time.

Although Gaspar Drouville tried to closely examine the social traditions of Iranian society in general during this period, but since part of the territory of Kurdistan and the Kurdish nation was under Iranian control after the Chaldiran War (1514), he further mentioned the Kurds within the borders of Iran and the Azerbaijan region in particular. Because during his stay in Iran, he was mostly in the northern regions of Iran and Azerbaijan. There is no doubt that Drouville, in his translated book, (Travel in Iran) described many important and hidden aspects of Kurdish society in the first decade of the 19th century, which are not mentioned in other sources, and this can be explained by this research.

In this research, they try to talk about The Kurdish community by different aspects such as lifestyle, social traditions, food, clothing, family relations, immigrant life, semi-immigrant life, language, and ways of spending time between the Kurdish community and some Kurdish minorities, their relationship with each of the Ottoman and Iranian countries, the Kurdish military structure, how they participate in the wars, the relationship between women and women of the Kurdish community in the east of Kurdistan and the geographical border of Kurdistan in the first decade The 19th century has been described in a series of topics compared to other Kurdish sources who visited Kurdistan before and after Drouville's visit.

**Keywords:** *Kurdish, Kurdistan, Kurdish Society, Gaspard Drouville, Customs and traditions.*